د. عەبدوڵڵا فەهد نفیسی

# شیعەکانی عیراق

وەرگێڕانی:

عەبدوڵڵا قەرەداغی

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن. ك)

د. عەبدوڵڵا فەهد نفیسی

# شیعەکانی عیراق

وەرگێڕانی:

عەبدوڵڵا قەرەداغی

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری

سلێمانی ٢٠٠٣

❖ د. عەبدوڵڵا فەهد نفیسی

❖ شیعەکانی عیراق

❖ وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا قەرەداغی

❖ سلێمانی ۲۰۰۳

❖ زنجیرەی کتێبی بیر: (۲۷)

❖ بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)

# پێشەکی

ئەو دو لێکۆڵینەوەیەی لەم نامیلکەیە بڵاوکراونەتەوە، بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٧٣دا لەدوتوێی کتێبێکدا بەناونیشانی ((رۆڵی شیعە لەپەرەسەندنی سیاسیی مۆدێرنی عیراقدا)) بڵاوکرانەوە. لەساڵانی ١٩٩٧و ١٩٩٨دا چەند بەشێك لەو کتێبە گرنگە لەلایەن کاك عەبدوڵڵا قەرەداغییەوە کران بەکوردیو یەك لەدوای یەك لەژمارەکانی ١٩و ٢٢و ٢٤ی گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیدا بڵاوکرانەوە.

نوسەری ئەم کتێبە روناکبیرێکی کوێتییە کەمەسەلەی تاوتوێ کردنی رۆڵی سیاسیی شیعە لەعیراقدا یەکێ لەو مەسەلانە بوە کەسەرنجی راکێشاوە.

ئەوەی لەم نامیلکەیە بڵاوکراوەتەوە زیاتر بەکەڵکی ئەوە دێ کەخوێنەر باشتر شیعەکان بناسێ، بەتایبەتی لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە. لەم سۆنگەیەوە ئەم دو لێکۆڵینەوەیە زۆر بەلای لایەنە سیاسییەکەدا دایناشکێنن و زیاتر بایەخ بەبیروباوەڕە دینی و کۆمەڵایەتییەکان دەدەن. بەڵام لێرە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کەهەر ئەو بیروباوەڕانەن کەکاریگەرییەکی

زۆریان لەسەر بیروباوەڕە سیاسییەکانی شیعە بەجێ هێشتوە.

لەعیراقدا شیعە سەنگێکی تایبەتو زۆری هەیە چونکە هەم گەورەترین گروپی عیراق پێکدێنێو هەم کاریگەریی گرنگی لەسەر پەرەسەندنی سیاسیی عیراق هەبوە.

سەرەڕای ئەوەی کەشیعە زۆرینەی دانیشتوانی عیراق پێکدێنن کەمەزەنە دەکرێ لەنیوەی دانیشتوان زیاتر بن، بەڵام هەمیشە لەپەراوێزی دەسەڵاتەوە بون چونکە ئەوەی توانی، بەیارمەتیی ئینگلیزەکان، دەسەڵات پاوان بکات، سوننە عەرەبەکان بون.

شیعە جگە لەناوەڕاستو باشوری عیراق، لەچەند وڵاتێکی تریش هەن وەك ئێران، باشوری لوبنان، رۆژهەڵاتی عەرەبستانی سعودی، سوریاو ئەفغانستان. لەکوردستانیش لەچەند ناوچەیەکدا دەژین وەك خانەقین، کرماشان، ئیلامو لەکوردستانی تورکیا زیاتر بەناوی عەلەوییەکان ناسراون.

## ئەم نامیلکەیە بۆ تێگەیشتنی پێشینەی بیروباوەڕە دینیو کۆمەڵایەتییەکانی شیعە بەسودە

## مەکتەبی بیرو هۆشیاری

## بیروباوەڕە سیاسییە- دینییەکانی شیعە

مەبەستمان لەم بەشە دیراسەکردنی ئەو لایەنانەی بیروباوڕە کەشیعەی دوازدە ئیمامی پێڕەوی لێ دەکەن، ئەمەش لێکۆڵینەوەیەکە پتر لەلێکۆڵینەوەی وەسفیی بابەتییەوە نزیکە تا لێکۆڵینەوەی شیکارانەی بەراوردکار. لەم لێکۆڵینەوەیەدا پتر بایەخمان داوەتە ئەو لایەنانەی بیروباوەڕە کەگرنگییەکی سیاسییان هەیە، واتە ئەو بیروباوەڕانەی کەبەقوولّی کاریان کردۆتە سەر ڕەفتاری سیاسییانەی شیعە بەو سیفەتەی کەکۆمەڵێکی بەشەری پێکدێنن. بۆ ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا بابەتی بین، هێندەی کراوە هەوڵمان داوە بچینەوە سەرخودی سەرچاوەکانی شیعە، پێش ئەوەی هیچ شتێك بخەینە پاڵ بیروباوەڕی شیعەی دوازدە ئیمامییەوە. پێم وایە هەر زانایەك، ئەگەر بیەوێ خۆی لەقەرەی ئەم بابەتە بدات، دەبێ ئاماژە بۆ ئەو چوار کتێبە بکات کەلەلایەن شیعەوە دانیان پێدانراوە، ئەو کتێبانەی کەبەکتێبەکانی پیاوان( کتب الرجال) ناسراوە، کەئەمانەن:

"الكافي في علم الدين"کولەینی دانەڕێتی.

((الاستبصار)) تووسی دانەڕێتی.

((من لايحضره الفقيه))ی ئیبن بابەوەی.

(( تهذیب الاحکام))ی تووسی.
ئەم چوار کتێبە بەلای شیعەکانەوە بەگشتی و ئیمامیەکان بەتایبەتی، ئەوکتێبانەن کەخەڵکانی باوەڕپێکراو دایان ناون و شایانی ئەوەن کەباوەڕیان پێ بکرێ، بەڵام دەکرێ سود لەو روونکردنەوە و پەراوێزانەش وەربگیرێ کە خەڵکانێکی سوونی یان رۆژهەڵاتناس دایان ناون، بەبێ ئەوەی بەسەرچاوەی بنچینەیی لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە دابنرێن.

یەکەمین بیروباوەڕی شیعە ئیمامییەتە، کەبەلای ئەوان و زانا ئایینیەکانیانەوە گۆشەیەکە لەگۆشەکانی ئیمان[1]. لەڕاستیدا ئەوەی بڕوای بەئیمامەتی ئەهلی بەیت نەبێ بەپیاوێکی ئیماندار لەقەڵەم نادرێ[2]، ئەگەرچی موسڵمان هەموو فەرزو رێو شوێنە ئایینیەکانیش جێبەجێ بکات، بەلای ئەوانەوە هەربەبێ ئیمان دەزانرێ تا بڕوا بەئیمام دەهێنێ و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات. شەرع زانەکانی ئیمامیەت دەهێنێ و زاراوەی ((ئیمامیەت)) یان بەوردی و رونی دەستنیشان کردووە. حللی زانا لەبواری باس کردنی شەرعی شیعەدا[3] ئیمامیەت بەوشێوەیە پێناسە دەکات کەسەرۆکایەتیەکی جیهانی گشتیە لەکاروباری دینی و دنیاییدا کەلەجیاتی پێغەمبەر(د.خ) دەخرێتە ئەستۆی یەکێکەوە. لەم لایەنەوە ئیمامیەت بە بەشێکی

پێغەمبەرایەتی دەزانن چونکە دەسەلاتی خۆی لەپێغەمبەرەوە وەردەگرێ. ئەم پێناسەیە لەروی مەبدەئەوە پرنسیپی بەشداریی گەل لەهەلبژاردنی ئیمامدا رەت دەکاتەوە. خاڵێکی تاڕادەیەك گرنگی دیکەش لەپێناسەکەدا ئەوەیە کە ((تایبەتە بەکەسێك))، ئەمەش سەرنجمان بۆ دوو مەسەلە رادەکێشێ: یەکەمیان ئەوەیە کەئەوەی شایەنی ئیمامیەتە خوای گەورە لەرێگەی پێغەمبەرەکەیەوە دیاریی دەکات، نەك هەرپیاوێك. دووەم: لەهەر ماوەیەکی دیاریکراوی زەمەنیدا تەنها یەك کەس شایانی ئەو پایەبەرزە دەبێ.

ئەرکی ئیمام ئەوەیە کە((تۆڵەی زۆرلێکراو لەزۆردارەکەی بکاتەوەو زۆردار لەستەم کردن دوور بخاتەوە، لەوکاتەشدا بۆلای چاکە دەگەڕێتەوەو لەخراپەو فەساد دور دەکەوێتەوە))[٤]. شتێکی ئاسایی‌یە بڵێین هەر کەسێك تەماشای بنەڕەتە سیاسی‌یەکانی کردبێ لەحاڵی کۆمەڵەکان وردبوبێتەوە باش دەزانێ لەناو کۆمەڵدا سەرکردەیەك یان رێبەرێك هەبێ کەهەمووان ملکەچی ببن، چونکە ئەو دژی زۆردار دەوەستێو تۆڵەی زۆرلێکراوی لێ دەکاتەوە، ئەو بۆ رێگای راست دەیانبات‌و لەو خراپەکاری‌یە دوریان دەخاتەوە کەشیرازەی کاروباری دنیایی‌یان تێك دەدات، هەروەها ئەو پیاوەیە کەلەزیانی گوناهو خراپەو فەساد رزگاریان دەکاو کامەرانی‌ی

پاشەرۆژیان بۆ دابین دەکات، چونکە خەڵك لەئەنجامی سزادان دەترسن، ئەمەش لەحاڵەتی ئاشتیو ئاسایش نزیکیان دەکاتەوە و لەئاژاوەو دوژمنکاری دوریان دەخاتەوە.

بەڵام بەهۆی ئەو خوێنە زۆرەوە کەلەسەر خەلافەت لەشەڕەکاندا رژان، شەرع ناسانی موسڵمانان، لەوانەی کەبۆچونێکی بەجێو گونجاویان هەیە، دەستیان کردە بیرکردنەوە لەپێویستیی ئیمامەت. لەراستیدا هێندێکیان رایانگەیاند کەهیچ پێویست نیە موسڵمانان ئیمامیان هەبێ[٥]. ئەشعەریەکانیش گوتیان کەبەپێی سوننەت دەبێ ئیمام هەبێ. موعتەزیلەش گوتیان کەبەپێی ئەقڵ دەبێ ئومەت سەرکردەی هەبێ. بەڵام مەزهبی دوازدە ئیمامی- کەبابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەمانە- بۆچونێکی تایبەتی هەیەو بڕو بیانووشی بۆ دێنێتەوە.

## لوتفی خوا

لوتف لەسیفەتەکانی خوایەو((اللطیف))[٦] یەکێکە لەناوە جوانەکانی. مەعنای لوتفی خوا ئەوەیە کەعەبدەکانی لەملکەچی نزیك دەکاتەوەو لەیاخی بوون دوور دەخاتەوە، ئەمەش لەسەر دەستی ئیمامدا دەبێ، چونکە ئەگەر لەناو کۆمەڵدا رێبەرێك یان سەرکردەیەك هەبێ کەبەهۆی سزادانەوە لەخراپە دووریان بخاتەوە، ئەوا ئەو کۆمەڵە لەئاسایشو تەبایی

نزیك دەبێتەوەو لەئاژاوەو دوژمنكاری دوور دەكەوێتەوە. ئەمە مەعنای لوتفە. بۆیە، چونكە خوا بەلوتفە، بڕیاری داوە كەئیمامێك بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەركەی باس‌كرا دیاری بكرێ.

## مشورخۆری شەریعەتەكان

شیعە دەڵێن كەپێویستی‌یەكی بەردەوام بەبونی مشورخۆرێكی شەریعەت هەیە بۆ ئەوەی لەتێكدانو گۆڕینو خراپ تێگەیشتنو خستنەسەرو لێ دەركردن بپارێزێ. ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز جەوهەری شەریعەتیان بەخۆوە گرتووەو زۆربەی ئەمرو نەهیەكان مەعنای رونیان نیە[7]. بۆیە دەبێ لێكدەرەوەیەك لەلایەن خواوە هەبێ تاكو كاری تەفسیركردنی قورئان بگرێتە ئەستۆ. بێجگە لەئیمامی زەمان كەس ناتوانێ ئەم كارە گەورەیە ئەنجام بدات چونكە یەكێك لەنازناوەكانی ئیمامی زەمان تێگەیشتوبی‌ی هەمە لایەنگیری‌یە (العلم المحیط) واتە یەكسەرە درك بەو كاروبارانە دەكات كەدەیەوێ بزانێ چین[8]. بەبێ ئەم مشوورخۆرە هیچ موسڵمانێك نازانێ چۆن خوا دەپەرسترێ[9]. بەبێ ئیمامیش، ئەو خەڵكە ناتوانن راستو هەڵە لەیەك جیابكەنەوە، چونكە قورئانی پیرۆز بەتەنیا بۆئەوە بەس نییە كەشارەزای رێگای راست بین[10].

## پێغەمبەرێتی و ئیمامەت

هەموو ئەو شتانەی بەڵگەی ئەوەن کەپێغەمبەرێتی شتێکی پێویستە، بەڵگەی پێویستیی ئیمامەتیشن، چونکە ئیمامەت لەبری پێغەمبەرێتی بەو لەهەموو کاروبارێکدا جێگیریەتی (جگە لەمەسەلەی وەحی بۆ هاتنی راستەوخۆ) و وەك چۆن لەڕووی فەلسەفیەوە پێویستە خوا پێغەمبەرێتی بخوڵقێنێ، ئاوەهاش پێویستە ئیمامەت بخوڵقێنێ.

## خۆ لەتالووکە پاراستن

دەبێ موسڵمانان خۆیان لەعەزبەتو شەڕ بپارێزن (ولا تلقوا بأیدیکم الی التهلکة- قورئانی پیرۆز). لەقورئانی پیرۆزدا بێ ژمارە ئایەت هەن کەئەمر بەئیماندار دەکەن بۆ ئەوەی ژیانێکی چاك و پاك و خاوێن و بێ دەست بڵاوی بەسەر ببەن. لەسۆنگەی ئەمەشەوە کەموسڵمانان وەکو هەموو خەڵکانی دیکە لەکۆمەڵی رێکوپێکدا دەژین، دەبێ ملکەچی ئیمام یان سوڵتان بن تا داکۆکیان لێ بکات و موڵکەکانیان بپارێزێ و لەئازاروەی دووریان بخاتەوە. یاخود بەشێوەیەکی دیکە، سروشتی کۆمەڵ موسڵمانان ناچار دەکات ئیمامیان هەبێ. بەڵام شایانی گوتنە کە ئیمام لەلایەن کۆمەڵەوە دانانرێ، چونکە تاکەکانی کۆمەڵ رای جیاواز دەردەبڕن و

ناکۆکی‌یان لەنێوان دایەو پەلە پەل دەکەن، کەچی مەبەستەکەش ئەوەیە کەخەڵک لەتالووکە دوور بخرێنەوە.

پاش دەربڕین‌و چەسپاندنی بیانووەکانی پێویستی‌ی بوونی ئیمام، شەرع ناسانی شیعە دێنە سەر ئەو سیفەتانەی کەدەبێ لەئیمامدا هەبن، ئەو سیفەتە پێویستانەی کەدەبنە مایەی ئەوەی کەشایانی بەئەستۆگرتنی ئەرکی ئیمامەتی بێت. ئەو سیفەتانەش ئەمانەن:

## لەهەڵە بەدەربوون (مەعسوم بوون)

لەهەڵە بەدەربوون یەکەمین سیفەتی ئیمامەتە، لەم رووەوە ئیمامەکان لەئاستی پێغەمبەرو نێردراوە مەلائیکەتەکانی خوان. ئیبن باباوەیە —کەلای شیعە بەشێخی سەدوق (شێخی راستگۆ)[11] ناسراوە- شتێك بەم مەعنایە دەڵێ (( بڕوامان بەپێغەمبەرو نێردراوو ئیمامەکان ئەوەیە کەمەعسوومن‌و لەهەموو پیسی‌یەك خاوێن کراونەتەوە، هیچ گوناهێك ناکەن چ بچوك بێت چ گەورە، سەرپێچی لەفەرمانەکانی خوا ناکەن‌و بەپێی ئەمرەکانی رەفتار دەکەن. هەر کەسێکیش ئەوە رەت بکاتەوە کەئەوان مەعسوومن ئەوا نەزان‌و کافرە. ئێمە دڵنیاین لەمەعسووم بوونیان. ئەوان خاوەن کەمالّ‌و زانیاری‌و تەواوین لەسەرەتای پەیامەکانیانەوە تا کۆتایی‌ی تەمەنیان.

ناکرێ نوقسانی و سەرپێچی و یاخی بوون و نەزانی لەهیچ حاڵەتێکدا بدرێتە پاڵیان)).

پاساوە مەنتیقییەکانی شەرع زانانی شیعە بۆ سەلماندنی راستیی مەعسوم بوونی ئیمام، لەژۆربەی کتێبەکانیاندا هەیە. حللی لەیازدەهەمین بەشی کتێبەکەیدا باسی ئەو هۆیانە دەکات کەوا لەشیعە دەکا سووربن لەسەرئەوەی بڕوای تەواویان بەمەعسوم بوونی ئیمامەکان هەبێ و دەڵێ:

١-یەکەمین ئەرکی ئیمام ئەوەیە کەنەیەڵێ خەڵکی گوناە بکەن. ئەگەر خۆی نامەعسوم بێ دەبێ ئیمامێکی دیکە هەبێ بۆ ئەوەی نەیەڵێ هەڵە بکا. لەئەنجامی ئەمەشدا ژمارەیەکی بێ پایانی ئیمامان دەبێ کەهەریەکە نایەڵێ ئەوی دیکە هەڵە بکات، ئەمەش مەحاڵە.

٢-ئەگەر ئیمام هەڵە بکات، دەبێ یان کۆمەڵ ئەو هەڵەکردنەی مەحکوم بکا، یان چاوی لێ بپۆشێ. ئەگەر کۆمەڵ هەڵەی ئیمامەکەی مەحکووم بکا، ئەوا بێ گومان کاریگەریی ئەو بڕوایە نامێنێ کەکۆمەڵ پێی بەخشیوەو لەکاتێکدا کەخۆی نەیدەهێشت خەڵکانی دیکە هەڵە بکەن، ئەوا ئێستا خەڵکانی دیکە نایەڵن ئەو هەڵە بکا، لەم حاڵەتەشدا مەرجی بەئیمام بوونی نامێنێ، چونکە دەبێ ئیمام

لەلایەن خەڵکەوە بەقسەی بکرێت و چاو لەهەڵسوکەوت و ڕەفتاری بکرێ.

٣- لەهەڵە بەدەربوون سیفەتێکە بەئیمامەوە گرێ دراوە، چونکە ئیمام مشورخۆری شەرعە. هەموانیش دەزانین کەسەرچاوەکانی شەریعەت قورئانی پیرۆزو فەرمودەی ڕاست و لەسەر ڕێکەوتنی هەموان( الاجماع) و پێوانەیە، بەڵام شەرع زانانی شیعە دەڵێن کەهیچ یەکێک لەو سەرچاوانە بەتەنیا ناتوانرێ بکرێتە پاساوانی دڵسۆزیی شەریعەت. چ قورئانی پیرۆزو فەرموودەی شەریف بەتەنێ هەموو فەرمانەکانی خوایان تێدانیە، هەروەها لەسەر ڕێککەوتنی هەموانیش مەبەستەکە بەجێ ناهێنن، چونکە خەڵک گوناهبارن و دوور نییە لەسەر هەڵە ڕێک بکەون. شیعە پێیان وایە ڕاستە ئەمە فەرموودەی پێغەمبەرە :((بەشێکی ئەم ئومەتە پاش من بەپێی کتێب- واتە قورئان- ڕەفتاردەکەن و بەشێکیان بەپێی فەرموودەو بەشێکی دیکەیان بەپێی پێوەرسازی (قیاس)، بەڵام خۆیان و خەڵکیش بەهەڵەدا دەبەن و هیچ کەسێک نابێتە دڵسۆزو پاسەوانی شەریعەت ئیمام نەبێ)).

٤-ئەوەی مەعسووم نەبێ زۆرداڕە، ئیمامیش نابێ زۆردار بێ، بۆیە ئەوەی مەعسوم نەبێ نابێ ببێتە ئیمام.

قسه لەبارەی مەعسوم بوونی ئیمامەکان زۆرکراوە، بەڵام ئەو هۆیانەی پاڵ بەشیعەوە دەنێن بڕوایان بەمەعسوم بوونی ئیمام هەبێ لەو چوارهۆیە تێپەڕ ناکەن کەباسمان کردن شەرع زانانی شیعەش توانیویانە مەعسوم بوونی ئیمامو مەرجی دیاری کردن لەلایەن پێغەمبەرەوە پێکەوە گرێ بدەن. لەم سەروبەندەشدا دیاری کردن دووەمین سیفەتی تایبەتی ئیمامە.

## دیاری کردنی ئیمام بە پێی دەق

لەهەڵە مەعسوم بوون کارێکە بەلای خەڵکەوە شاراوەیەو تەنها خوای گەورە دەیزانێ، بەڵام چۆن ئیمام دەناسرێو چۆن دیاری دەکرێ؟ عەللامە حللی لەکتێبەکەیدا سەبارەت بەشەریعەتی شیعە[١٢] بەم شێوەیە وەڵامی ئەو پرسیارانەی داوەتەوە: دەبێ ئیمامەتی ئیمام بەپێی دەق بێت، چونکە لەهەڵە مەعسوم بوون کارێکە پەیوەندی بەدڵو دەروونەوە هەیەو لەخوای بێچوون بەولاوە کەس لەزارو نهێنییەکانی دەروون نازانێ، بۆیە دەبێ دیاری کردنەکە لەلایەن خواوە بێت کەدەزانێ ئیمام لەهەڵە مەعسومە یان نەء، لەحاڵەتی دووەمیشدا دەبێ ئیمام موعجیزەیەك بکات تا بەڵگە بۆ راستیی قسەکانی بهێنێتەوە. دەتوانین لەقسەی عەللامە حللی بگەینە ئەو ئەنجامەی کەئیمام بەیەکێك لەدوو شێواز

دیاری دەکرێ. یان بەدەرخستنی خەسڵەتیەوە لەلایەن ئەو کەسەی کەخۆی لەهەڵە مەعسومە، واتە لەلایەن پێغەمبەرەوە کەمەسەلەی مەعسوم بوون‌و دیاری کردنی بۆ کۆمەڵ رووندەکاتەوە، یان بەوەی ئیمام موعجیزەیەك بکات‌و بیسەلێنێ کەشایانی پلەو پایەی ئیمامەتە[١٣].

بەڵام ئیمامی‌یەکان سوورن لەسەر دیاری‌کردنی ئیمام بەپێی دەق. دەبێ دەقێك هەبێ. خوای گەورە وەحی بۆ موحەمەدی پێغەمبەری نارد ئەویش عەلی‌ی لەوتاری خواحافیزی لەغەدیری خۆم بەجێنشینی خۆی دیاری‌کرد.

## ئەفزەلیەت

سێیەمین سیفەت کەبەئیمامەوە بەستراوەتەوە ئەفزەلیەتە، واتە ئیمام شایانی ئەوەیە کەخەڵك دوای بکەون. مەعنای ئەمەش ئەوەیە کەدەبێ ئیمام ئەو سیفەتانەی تێدابێ کەدەیکەنە نموونەو ڕێبەرو ئەمیر، حللی دەڵێ: ((ئیمام دەبێ لەهەموو کەسێك باشتربێ)). ئەمەش سیفەتێکە بەئیمامەوە گرێ دراوەو ناتوانێ دەستی لێ هەڵبگرێ، چونکە مەعقوول نیەو نەبووە بەعادەت کە((چاکە بۆکراو)) (المفضول) پلەو پایەو شوێنی بەرزتری لەهی((باشترین کەس)) هەبێ. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە عەللامە حللی قورئانی پیرۆز دەکاتە بەڵگە {{افمن یهدی الی الحق احق ان یتبع امن لایهدی الا

ان يهدى فما لكم كيف تحكمون}} (سوورەتی یونس، ئایەتی ٣٤) واتە: ئایا ئەوەی کەڕێگای راست پیشانی خەڵك دەدات شایانی ئەوەیە دوای بکەون یان ئەوەی ڕێنمایی ناکات مەگەر ڕێنمایی بکرێ، چیتانە، بەچ شێوەیەك حوکم دەدەن؟، بۆیە پێویستە لەئیمامدا سیفەتی کامڵ بوون و ئەفزەلیەت هەبێ. ئیمام لەژیانی خۆیدا هەروا دەبێ و پێویستە لەهەموو کەسێکی دیکە پایە بەرزتر بێت.

بەم شێوەیە ئیمام لەهەموو ڕوویەکەوە دەبێ باشترین کەس بێ، لەگەڵ خراپەکاران و خەڵکانی بازاڕیدا تێکەڵ نابێ، پیاوێکە ئەخلاقی ڕێگای ناداتێ فێڵ و نەزانی و حەسودی و تووندوتیژی و ئێسك قورسی و تەماح و ترسنۆکی تێدا هەبێ. هەر بەسروشتی خۆی لەهەموو عەیب و نوقسانیەکەوە دوور دەبێ، وەکو شێتی و لاڵی و کەم فامی، یان هەر نەخۆشیەکی دیکەو کەم ئەندامیەکی ئەوتۆ کەخۆشەویستی و ڕێزی خەڵکی بۆکەم بکاتەوە. کەئەم سیفەتانەی تێدابوو دەبێتە شایانی ئەوەی دوای بکەون.

## زانای هەمەلایەنگیر (العلم المحيط)

لەبەرئەوەی ئیمام مشوور خۆری شەریعەتەو سەرچاوەی باوەڕپێکراوی لێکدانەوەی قورئانە، ئەو قورئانەی کەفەتوا و ئەنجامگیرییەکانی لێوە وەردەگرێ، دەبێ دڵ وریا و زیرەکبێ تا

بتوانێ بەقوولّی درك بەمەعناکانی قورئانی پیرۆزبکات. ئەمەیە ئەوەی شیعە پێی دەلّێ زانای هەمەلایەنگیر، پسپۆڕە شیعەکانی حەدیس بەکولەینیی ڕێبەریشیانەوە لەگێڕانەوەی فەرموودەکاندا، لەکتێبی ((الكافي))دا فەرموودەیەك دەگێڕنەوە بەم مەعنایە: ئیمامەکان یەکسەر درك بەو مەعنایە دەکەن کەمەبەستیانە[١٤].

دیاری کردنی ئیمام بەم سیفەتەو بەپێی ئەو خەسڵەت و توانایە، هۆی جیاوازیی نێوان شیعەی ئیمامی و مەزهەبە ئیسلامییەکانی دیکەیە. بەڵای سوننی یەکانەوە، ئەگەر کۆمەڵ، یان ئومەت قایل بوون بەئامادەیی و لێوەشاوەیی یەکێکیان بۆ ئەو پایە بەرزە، ئیدی لەڕێگەی بەیعەتەوە دان بەوەدا دەنێن کەڕێبەری دینی یەو دەبێتە ئیمام لایان. بەڵام شیعە ناقایلە سەبارەت بەو دەورەی کەکۆمەڵ دەتوانێ لەبواری دیاری کردنی ئیمامدا بیگێڕێ. مەجلیسی دەلّێ: ((ئیمامەت دەسەڵاتێکە لەلایەن خواو پێغەمبەرەوە، کارێك نییە کەبەرێککەوتنی نێو کۆمەڵ ئەنجام بدرێ. هەروەها دەبێ هەموو ئیمامێك جێگری خۆی دیاری بکات)).

عەللامە حللی هەروەها مەجلیسی، چەند بەڵگەیەك دەهێننەوە کەگوایە دیاری کردنی ئیمام لەلایەن خوای گەورەو لەڕێگەی پێغەمبەرەکەیەوە دەبێ:

یەکەم: ئیمامەت خەلافەتە لەلایەن خواو پێغەمبەریەوەو ناکرێ بەبێ بوونی دەقێك لەلایەن هەردوکیانەوە دیاری بکرێ. مەجلیسی دەڵێ: مەعقول نییە بڕوا بهێنرێ بەوەی کۆمەڵ دەتوانێ ئیمامی خۆی هەڵبژێرێ، ئەمەش جیاوازیی لەگەڵ ئەو قسە نامەعقولە نییە کەگوایە خەڵك دەتوانن پێغەمبەری خۆیان هەڵبژێرن یان دیاری بکەن... ئەمە مەحاڵە.

دووەم: ئەگەر ئیمام تەنها بەرێگەی داننان بەکەسێك دیاری بکرێ، کەسیفەتەکانی سەرکردەیان تێدایە، ئەمە بێ گومان دەبێتە مایەی بەرپابوونی ئاژاوەو فیتنە لەناو ئومەتدا، چونکە جیاوازیی بۆچوون دەکەوێتە نێوانەوەو تاقمێك ئیمامێك دیاری دەکا، تاقمەکەی دیکەش ئیمامێکی دیکە دیاری دەکات، لەکاتێکدا یەکەمین ئەرکی ئیمام پاراستنی ئاسایشو هێمنییە.

سێیەم: ئەگەر مەسەلەی دامەزراندنی ئیمام بۆ ئومەت جێ بهێڵرێ، ئەمە بێ گومان دەبێتە مایەی ناکۆکی وململانێو بەرپابوونی حاڵەتی ئاشووب، وەکو لەدووەمین بیانوودا دەردەکەوێ. ناکۆکیو ململانێش بێزارو ناشرینن و لەگەڵ ویستی خوا ناگونجێ، بۆیە دەبێ خالقی بێ هاوتا- کەمیهرەبانەو رقی لەشەڕو خراپەو پشێویە- ئەم مەسەلەیە یەکلابکاتەوە، ئەویش بەدیاری کردنی کەسێك کەشیاوی

ئەوپایە بەرزە بێ، پایەی ئیمامەت بۆ ئەوەی چاودێری‌ی شەریعەت بکات‌و چاکەو خۆشی‌و خێر بۆ ئومەت دابین بکات.

چوارەم: خوای گەورەو بێ هاوتا موسڵمانانی لەرێگەی پێغەمبەرو نێردراوی‌یەوە فێری هەموو وردەکارییەکی ژیانی رۆژانە کردووە، وەکو بڕینی مووی ریش‌و سمێڵ‌و چەندین کاروباری دیکەی پەیوەست بەخاوێنی‌و ژیانی هاوسەرێتی. کەواتە گومان لەوەدانییە کەدیاری کردنی جێ نشینێك لەشوێنی پێغەمبەرەکەیدا کارێکە گەلێك گرنگترە لەفێرکردنی چەند کێشەیەکی لاوەکی لەو جۆرەی باسمان کردن. لەسۆنگەی ئەوەشەوە کەخوای بێ هاوتا عەبدەکانی خۆی لەبیرناکات‌و کاروبارەکانیان پشت گوێ ناخات، چۆن دەتوانین ئەوە بێنینە پێش چاومان کەمەسەلەی دیاری‌کردنی ئیمامێك پشت گوێ دەخا کەخەڵك لەکاروباری دین‌و ئیمانیاندا پێویستیان پێیەتی.

پێنجەم: پێغەمبەر هەمیشە لەکاتی بەجێ هێشتنی مەدینە، با بۆ ماوەیەکی کورتیش بووبێ، یەکێکی دیاری دەکرد کەلەشوێنی خۆیدا کاروبارەکان بەڕێوەببا. پێغەمبەر یەکجار ئەم کارەی کرد کەچوو بۆ مەککە، کەزۆربش لەمەدینەوە دوورنییەو کاری دیاری‌کردنی کەسەکەی بۆ

لایەنگرانی بەجێ نەهێشت. کەواتە، ئایا لەم حاڵەتەدا دەتوانین وابزانین کەپێغەمبەر مەسەلەی دیاریکردنی جێ نشینی خۆی پشت گوێ خستووە، یان کارەکەی بۆ ئەندامانی کۆمەڵ بەجێ هێشتووە تا بەئارەزووی خۆیان چارەسەری بکەن؟

شەشەم: لەبەرئەوەی هەموو کەسێك رەنگە هەڵەبکات، ئەگەری هەڵەکردن لەهەڵبژاردنی ئیمامدا لەئارادایەو رەنگە کەسێك هەڵبژێرن کەشایانی ئەو پایەیە نەبێ. ئێمەش دەزانین کەیەکێك لەئەرکەکانی خەلیفە بەرپەرچدانەوەی زۆرداروپاراستنی زۆرلێکراوە. مادام خەڵکیش بەهەڵە هەڵیان بژاردوە، ئەوا ئیمامی لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراو ناتوانێ بەباشی ئەرکەکەی بەجێ بێنێ. لەسۆنگەی ئەوەشەوە کەدەبێ ئیمام بێ گوناە بێتو لەبەرئەوەی مەعسوم بوون مەسەلەیەکی شاراوەیەو لەخوا بەولاوە کەس نایزانێ، بۆیە دەبێ دیاری کردن لەلایەن خوای گەورەو بێ هاوتاوەبێت، چونکە هەرئەو دەزانێ کێ مەعسومە.

دیاری کردنی ئیمام لەلایەن خواو لەرێگەی پێغەمبەریەوە بیروباوەڕەیکی بنچینەییەو هەموو شیعەیەك پێڕەوی لێ دەکا. لەراستیدا مەجلیسی لەوەش زیاتر دەڕوا دەڵێ خودی ئیسلامیش کۆڵەکەکانی دادەڕووخێن ئەگەر

ئیمامی بەپێی دەق دیاری کراو نەبێ گوایە حاڵی موسڵمانان بەبێ بوونی ئیمام لەهەموو شوێنێکدا دووچاری مەترسی دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر خوای بێ هاوتا ئیمامی دیاری نەکردبێ و ئیمامەتی فەرز نەکردبێ، ئەوا بەم کارە شوێنەواری پێغەمبەرەکەی سڕیوەتەوە، لەم حاڵەتەشدا بڕواهێنان بەخواو ڕەحمەتی خوا نوقسان و ناتەواوە. ئەوکەسەی وابڵێ ئەوا قورئانی پیرۆز بەدرۆ دەخاتەوە و پەیامی پێغەمبەر ڕەت دەکاتەوە. بەدرۆخستنەوەی قورئان و ڕەتکردنەوەی پەیامی پێغەمبەر کفری تەواوە[١٥].

## مافی عەلی لەئیمامەتدا

هەموو ئەو سیفەتانەی دەبێ لەئیمامدا هەبن لەشەخسی عەلی کوڕی ئەبو تالیبداهەن، بۆیە- شیعە لافی ئەوەلێ دەدەن گوایە- پێغەمبەر بایەخێکی تایبەتی بەمەسەلەی فێرکردن و مەشق پێدانی داوە. ئیبن بابەویەهەوالێك دەگێڕێتەوە و دەیداتە پاڵ سولەیمی کوڕی قەیسی هیلالی کەعەلی تێیدا سەبارەت بەخۆی[١٦] دەڵێ هەموو ڕۆژو شەوێك لەخەڵوەتێکی تایبەتیدا، کەکەس پێی نەدەزانی، دەچووە خزمەتی پێغەمبەر ((وەلامی هەموو پرسیارەکانی دەدامەوە هەروەها بۆ هەر کوێ چووبا دوای دەکەوتم. سەحابی یەکان

دەیانزانی پێغەمبەر لەگەڵ هیچ کەسێکدا بەو شێوەیە ڕەفتاری نەکردووە وەك ئەوەی لەگەڵ منداد دەیکرد. قسە تایبەتی یەکانیش لەمانّی ئێمەدا دەکران. هەروەها هەرکاتێ زیارەتیم کردبا لەو شوێنانەی تێیدا نیشتەجێ دەبوو، هەوڵی دەدا هەردوکمان بەتەنێ پێکەوە بین و داوای لەژنەکانی دەکرد کەئەو شوێنە بەجێ بهێڵن و لەهەردوکمان بەولاوە کەس لەمانّەوە نەمێنێ. کەدیدەنیشی کردبام داوای لەهەموان دەکرد شوێنەکە بەجێ بهێڵن، جگە لەفاتمەو یەکێك لەکورەکانم، بۆئەوەی بەتەنیایی بمێنینەوە. ئەگەر لەبارەی مەسەلەیەکەوە پرسیارم لێ کردبا وەلاّمی دەدامەوە. ئەگەر منیش پرسیارم نەمایە، ئەو پرسیاری لێ دەکردم تاهیچ شتێك لەو وەحیە نەمابایە کەبۆی دابەزیوە، یان لەو زانینەی خوا فێری کردووە، یان لەئایەتەکانی قورئان، یان لەهەمو ئەو شتانەی پەیوەندییان بەحەلاّلّو حەرامو ئەمر نەهی، ئیتر کاروبارە رابردووەکان نەما منی لێ ئاگادارنەکاتەوە. ئەو فێری دەکردمو داوای لێ دەکردم بیخوێنمەوە. ئەو شتانەی بۆ دەوتمەوەو خۆم دەمنوسینەوە، بۆی لێکدەدامەوەو دیوی ناوەوەو دەرەوەی روون دەکردەوە، منیش لەبەرم دەکردنو حەرفێکم لەدەست دەرنەدەچوو)).

ئەم هەواڵە دەگاتە ئەوەی گوایە پێغەمبەر ناوی ئەو یازدە ئیمامەشی هێناوە کەلەدوای عەلییەوە دێن لەئیمامەتدا. شەرع زانانی شیعە- بەئیبن بابەوەیهیشەوە- پێ لەسەر راستیی ئەم هەواڵە دادەگرنو ئاماژە بۆ دیدارێکی نێوان سولەیمی کوڕی قەیسی هیلالیو حەسەنو حوسەینی هەردوو کوڕی عەلی لەسەردەمی مەعاوییەدا دەکەن، کەسولەیم هەواڵەکەی بۆ گێڕاونەتەوە گوتویانە تۆ لەقسەکەتدا راستگۆیت. هەروەها شەرع زانانی شیعە ئەو بەڵگەو پاساوانە لەنوسراوەکانیاندا ڕیز دەکەن کەڕاستیی ئیمامەتی عەلی دەسەلێنن. لەراستیدا هێندێك لەو نوسراوانە تایبەتن بەو بابەتەو جگە لەو بەڵگەو پاساوانە هیچی دیکە باس ناکەن. ئیبن مەتەهەری حللی یەکێکە لەو شەرع زانانەو نوسراوێکی تەنها بۆ ئەو بابەتە تەرخان کردووە کەناونیشانەکەی بریتییە لە ((کتاب الالفین)) واتە دوو هەزار بەڵگە دەربارەی راستیی ئیمامەتی عەلی. واهەوڵ دەدەم بەکورتیو بەشێوەیەکی گشتی ئەو بەڵگانە بهێنمەوە:

یەکەم: شەرع زانانی شیعە چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەر سەبارەت بەمافی عەلی لەئیمامەتدا دەهێننەوە، وەکو ((سلموا علیه بامرة المؤمنین)) یان ((انك خلیفة بعدي))و ئەم فەرموودانە بە بەڵگەی روونی بوونی عەلی بەجێ نشینی پێغەمبەر دەزانن.

دووەم: عەلی باشترین کەسی سەردەمی خۆی بووە، باشترینیان بووە لەبەر چەند هۆیەك کەگرنگترینیان ئەم دوانەن: (أ) شەرع زانانی شیعە چەند فەرموودەیەك دێننەوە گوایە پێغەمبەر وتویە عەلی هاوشانی خۆیەتی. دیارە پێغەمبەر باشترین کەس بووە، بۆیە دەبێ ئەو کەسەی هاوشانیەتی باشترین کەس بێ، دەنا- ئەمەش رووندەکاتەوە- نەدەبوو هاوشانی بێت. (ب) عەلی باشترین کەس بووە، چونکە تاکە کەسی نێو ئەسحابەکان بووە کە لەکێشەی ((موباهەلە))دا پێویستیان پێی بووە، ئەوەش کەپێویستیان پێی بێ لەوە باشترە کەپێویستیان پێی نەبێ. هەروەها پێویستیان بەعەلی هەبووە لەکاتێکدا کەلەگەڵ مەسیحیەکانی نەجران، سەبارەت بەڕاستیی پێغەمبەرێتیی موحەمەد وتوویژکرا.

سێیەم: هیچ یەکێك لەوانەی داوای خەلافەتی کرد، جگە لەعەلی، لەهەڵە مەعسوم نەبوو، بۆیە تاقە پیاو بوو کەشایانی ئەو پایە بەرزەبوو. شیعەکان رێکن لەسەر ئەوەی کەئەبوبەکرو عەببباس- کەناودارترین دوو کەسن داوای خەلافەتی پاش پێغەمبەریان کردبێ- مەعسوم نەبوون لەهەڵەکردن و جگە لەعەلی، مەعسوم بوونی کەسی دیکە نەسەلێنراوە، بۆیە ئیمامەت مافی ئەوبوو.

چوارەم: عەلی پاش پێغەمبەر زاناترین کەسی سەردەمی خۆی بوو. شەرع زانانی شیعە لەم بوارەشدا بەڵگەی راستیی ئەم قسەیە دەهێننەوەو دەڵێن: (أ) زۆر لەسەر زانست سوور بوو. هەروەها زەین تیژو دڵ وریاو زیرەك بوو. کەئەم سیفەتو خەسڵەتانە لەکەسێکدا کۆببنەوە دەبێ موسڵمانان بەزاناترین کەسی دابنێن. (ب) بەڵای زانایانی شیعەوە روونە، وەکو لەکتێبەکانی میژوو وژیاننامەیانەوە دەردەکەوێ، کەئەسحابەکانو پاش ئەوانیش تابیعەکان، لەبواری کێشە دینیو دادوەریەکانیاندا راوێژیان بەعەلی کردووەو زۆربەی کات بۆ رادەربڕین بۆڵای ئەو گەڕاونەتەوە، پێشتریش رێککەوتبوون کەبەحوکمی ئەو قایل بن تەنانەت ئەگەر حکومەکەش بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەوانەوە بێت. ئەم قسەیەش کەعەلی لەکێشە ئایینیو دادوەریەکاندا پرسی پێ کراوە، دەگونجێ لەگەڵ ئەوەی موعتەزیلەو ئەشعەری ئیمامیەکان دەیانگوت، ئەوانیش رێزیان لەزانستو توانای دەگرت. موعتەزیلەکان پتر رێزیان لەزانستی عەلی دەگرتو پایەی ژیریان بەرز رادەگرت، چونکە ئەوان لەکێشەکانیاندا دەگەڕانەوە بۆڵای ئەبو عەلی جوببائیو ئەمیش لەکاروباری زانستدا دەگەڕایەوە بۆڵای ئەبو هاشمی کوڕی محەمەد کوڕی حەنەفییە، کەئەویش دەگەڕایەوە بۆڵای عەلیی باوکی.

ئەشعەرییەکانیش ڕێزی عەلی‌یان دەگرت چونکە دەگەڕانەوە بۆلای ئەبو حەسەنی ئەشعەری کەشاگردی ئەبو عەلی‌ی جوببائی بوو. گەڕانەوەی ئیمامی‌یەکانیش بۆسەر عەلی دیارە، چونکە لایەنگری ئەون. (ج) جارێکیان پێغەمبەر سەبارەت بەعەلی فەرمووی ((ئەو باشترین دادوەرە لەناو ئێوەدا)). لەسۆنگەی ئەوەشەوە کەدادوەری پێویستی بەزانینی چەند زانستێك هەیە، عەلی(وەکو شیعە دەڵێن) سەرداری ئەو خەڵکە بوو لەبواری دادوەریدا.

پێنجەم: ئەخلاقی بەرزو زوهدی عەلی لەژیاندا- ئەمەشی بەکردەوە سەلماند نەك بەقسە- کەگەیشتە رادەی ئەوەی کە ((جیهان سێ بەسێ تەڵاق دا))[17] بەسە بۆ ئەوەی شایانی ئیمامەت بێت.

بەڵگەی سەلماندنی ئیمامەتی عەلی گەلێك زۆرترە لەوەی کسێك بتوانێ لەشوێنێکی وادا بیانهێنێتەوە. شەرع زانانی شیعە چەند ئایەتێکی قورئانیان بەشێوەیەکی ئەوتۆ لێك دەدایەوە کەراستی‌ی بۆچوونەکانیان بسەلێنن.

وتاری دوعا خوازی‌ی غەدیری خوم بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کەبەکاری دێنن[18]. لەبەڵگەکانی ئیمامەتی عەلی باسی ئەو موعجیزانە دەکرێ کەخۆی کردوونی، لەوانەش لابردنی دەروازەی گەورەی قەڵای خەیبەر، قسەکردن لەگەڵ

حەیوانە درندەکان لەمینبەری کووفەوە، هەڵگرتنی بەردێکی قورس بەسەر بیرێکەوە کەسوپا نەیتوانی لای ببات و گێرانەوەی خۆر بۆ دواوەو پاشان گەڕانەوەی بۆ رەوتی ئاسایی[19].

پاش سەلماندنی مافی عەلی لەئیمامەتدا، شەرع زانانی شیعە مافی کوڕەکانی، پاش خۆی، دەسەلێنن و چەند فەرموودەیەکی حاشا هەڵنەگر دێننەوە ناوی ئەو یازدە ئیمامەیان تێدایە کەپاش ئیمام عەلی دێن[20]. لەژیاننامەی تازەی موحەممەدی پێغەمبەر، کەتازە زاناکانیان نووسیویانە، فەرموودەیەك دێننەوە گوایە پێغەمبەر بەحوسەینی کوڕی عەلی وتوە ئەمە حوسەینی کوڕمە، ئیمام و کوڕی ئیمام و برای ئیمام و باوکی نۆ ئیمامە کە نۆیەمیان قائیمە(واتە مەهدی) و باشترینیانە، یەکێك لەو بەڵگانەی دەیهێننەوە بۆ سەلماندنی مافی کوڕانی عەلی لەئیمامەتدا ئەو هەواڵەیە کەزانایانی شیعە لەکتێبەکانی لێکدانەوەی قورئاندا- واتە لەنوسراوەکانی خۆیان لەبواری تەفسیردا- لەجابری کوڕی عەبدوڵڵای ئەنساریەوە بەبۆنەی تەفسیری ئەم ئایەتە شەریفە دەیگێڕنەوە: (یا ایها الذین امنوا اطیعوا الرسول واولي الامرمنكم) (سورەتی النساء، ئایەتی ٥٨) گوایە جابر بەپێغەمبەری گوتووە: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە خوا

دەناسینو ملکەچی فەرمانەکانین، تۆش دەناسینو ملکەچتین، بەڵام کێن ئەو وەلی ئەمرانەی کەخوا فەرمانمان دەداتێ ملکەچیان ببین؟ دەڵێن پێغەمبەر لەوەڵامدا گووتوویەتی: جابر ئەوان جێنشینانی منو خاوەن سەرۆکایەتین پاش من، یەکەمیان عەلییە، پاشان حەسەنی کوڕی، پاشانو پاشان... تا پێغەمبەر ناوی هەردوازدە ئیمامەکەی هێنا گوتی: دواترینیان دنیای پڕ زۆرو ستەمو ناحەقی، پڕیەکسانیو دادپەروەری دەکا[٢١].

## دەربازبوون بەشەفاعەتی ئیمامەکان

تێڕوانینی شیعە بۆ سەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلام بەتەواوی جیاوازە لەتێڕوانینی سوننە بۆئەو سەرچاوانە. سوننییەکان قورئانی پیرۆز بەیەکەمین سەرچاوەی شەریعەت دادەنێن، پاشان فەرموودەکانی پێغەمبەرو، ئینجا ئیجماعو پێوەرسازی (القیاس)، بەڵام شیعە، بەگشتی، چاو دەبڕنە ئیمامێك کەلەلایەن خواوەو لەڕێگەی پێغەمبەرەوە دیاری دەکرێ، چونکە تەنها ئەو دەتوانێ قورئانی پیرۆز لێکداتەوەو مەعنای ناوەوەی دەربڕێ[٢٢].

بەهۆی ئەم جیاوازییە جەوهەرییە لەتێڕوانین بۆ ئیسلام، شیعە لەگۆشەیەکەوە دەڕوانێتە کێشەی رزگاربوونی ئینسان کەلەتێڕوانینی سوننە جیاوازە. دەربازبوونی مرۆڤ،

لەروانگەی شیعەوە، بەو شێوەیە ناگاتە ئەنجام کەمرۆڤ پابەندی حوکمەکانی قورئان بێت، وەکو سوننیەکان بۆی دەچن، واتە بەشێوەیەك کەژیانی ئینسانی موسڵمان لەگەڵ ئەمرو نەهێی خوا بگونجێ بەو شێوەیەی کەلەوەحیدا هاتۆتە خوارەوە، بەڵکو لەڕێگەی ئیمامی زەمانەوە. بۆیە پێویستە شیعە ئیمامی زەمانی خۆی بناسێ و وەکو سەرکردەیەکی نمونەیی دوای بکەوێ، ئەم ئیمامەش کەدوای کەوتوون لەڕۆژی حیساب (قیامەت) شەفاعەتیان بۆ دەکات تالەهەڵەکانیان خۆش بێ چونکە شەفاعەت لای خوا تەنها مافی پێغەمبەران و ئیمامەکانەو هەر ئەوان بۆیان هەیە شەفاعەت بکەن. ئەگەر ئیمامیش بزربێت ئەوا لای شیعە موجتەهیدی گەورە جێی دەگرێتەوە کەنوێنەرێتی و دەبێ دوای بکەون و ملکەچی بن، بۆیە پێویستە بەنیسبەت هەرکەسێکەوە کەدەیەوێ رزگاری ببێ پەیوەندییەکی رۆحی لەنێوان خۆی و ئیمام یان نوێنەریدا پەیدابکات، چ راستەوخۆ بێت چ ناڕاستەوخۆ، بۆ ئەوەی شەفاعەت بۆخۆی دابین بکات. ئەو عیبادەتە پڕ رەنج و ماندووییەش کەعەبد خۆی پێوە خەریك دەکات جێی بڕواهێنان بەئیمامی زەمان ناگرێتەوە. کەسێك کەئیمامی خۆی نەناسێ، وەکو ئەو بەرخە وایە کەشوان و مێگەلەکەی ون کردبێت و رۆژی بەو ون بوونە بەسەر بردبێ.

مەڕی ونبووش تەنها ئاکامی ئەوەیە کەتووشی گورگێکی درندە ببێ. پاش ئەمەش هەڕەشەیەکی ترسناك لەزمانی ئیمام باقرەوە دەگێڕنەوە کەدەڵێ: حاڵی ئەو مرۆڤەی کەبەیانی لەخەو هەڵدەستێ و خۆی بەبێ ئیمام دەبینێ وای لێ دێت کەلەژیاندا تامردن ون بێت و بەکافری بمرێت. لەسەر ئەم بناغەیە، مەحاڵە ئینسان خوا بناسێت و بەراستی و دروستی بیپەرستێ ئەگەر ئەو ئینسانە ئیمامی خۆی نەناسێ. لەم قسەیەشەوە وادیارە کەئینسان ناتوانێ زانستی خوا ناسی وەدەست بێنێ ئەگەر لەرێگەی ئیمامەوە نەبێ[٢٣].

شیعە چەندین کتێب و دانراوی پڕ لەفەرمودەو روونکردنەوەیان سەبارەت بەم کێشەیە هەیە کەدەیسەلێنن بەشەر تەنها لەرێگەی شەفاعەتی ئیمامەکانەوە رزگاری دەبێ. ئیبن بابەوەیە- کەبەشێخی راستگۆ ناسراوە- دەگێڕێتەوە کەئیمام باقر گووتوویەتی پێغەمبەری خوا بەعەلی گوتووە سێ راستیی نەگۆڕ هەن کەئەمانەن: یەکەم، تۆو کوڕەکانت پاش تۆ دەبنە شەفاعەتکاری خەڵك، چونکە ئەوان لەرێگەی ئێوەوە نەبێ خوا ناناسن. دووەمین: راستی ئەوەیە کەتۆ لەحزوری خوادا شەفاعەت بۆ ئەو کەسانە دەکەی کەدەچنە بەهەشتەوە، واتە ئەو کەسانەی دانیان بەتۆداناوەو تۆش دانت بەواندا ناوە. سێیەمین راستیش ئەوەیە کەتۆ یەکەمین

شەفاعەتکاری رەهاکراوی، چونکە ئەوانەی جێگایان دۆزەخە ئەو کەسانەن کەدانیان بەئیمامەتی تۆدا نەناوەو تۆش دانت بەوەدا نەناوە کەئەوان سەربەتۆن. مەجلیسی[٢٤] لەکتێبی ((حیاة القلوب)) لەسەر زاری ئیمام باقرەوە[٢٥] دەڵێ کەجارێکیان پێغەمبەر بەعەلی گوتووە: ئەی عەلی تۆ لەرۆژی قیامەتدا لەگەڵ منو جبریل بەسەر سیراتەوە دادەنیشینو کەس ناتوانێ لەسیرات بپەڕێتەوە ئەگەر مۆڵەتی پەڕینەوەی پێ نەدرابێو ئەگەر موریدە بەوەفاکانی تۆ نەبێ. ئیبن بابەوەیە-بەم شێوەیە ناو لەئیمامەکان دەنێ کەدەرگای خواو رێگاو رێ پیشاندەر بەرەو خوانو لێکدەرەوەی وەحیی خواو کۆگای زانستی ئەون[٢٦]. ئیمان بەلای شیعەوە بریتیە لەخۆش ویستنی ئیمامەکانو رق هەڵگرتن لەکافر، هەرچەندە خۆشەویستی کەسێك بۆ ئیمامەکان زیاتر بێ، هێندەش لەنێو کۆمەڵی ئیماندارانداپایەی بەرز دەبێ. مەجلیسی زیادەڕۆیی لەبۆچوونیدا دەکات کاتێك کەمەرجەکانی چوونە ناو بەهەشتو دۆزەخ دیاری دەکاتو دەڵێ ئەوە بەندە بەبڕواهێنانی تاکەکەس بەئیمام، یان بەڕەت کردنەوەی. زۆربەی زانایانی ئایین لای شیعە لەو بڕوایەدان کەئەو کەسانەی بڕوایان بەئیمامەت نییە، بێجگە گێڵو غافڵەکان، وەکو هەرکافرێکی دیکە دەچنە دۆزەخەوە. پاشان مەعنای

((گێل)و ((غافلێ)) بەو شێوەیە لێك دەدرێنەوە کەکەسانێکن بەهۆی لاوازی عەقڵیانەوە ناتوانن خێرو شەڕ جیابکەنەوە. نموونەی گێلی غافلێ ئەو بەدبەختەیە کەلەسایەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەکی سوننیدا لەدایك ببێتو گەورە بێت.

نوێژو دوعاو پاڕانەوەی کۆمەڵانی شیعە لەکاتی زیارەت کردنی مەرقەدی ئیمامەکان لەنەجەفو کەربەلاو کازمێنو سامەڕا یا لەمەدینە دووپاتی دەکەنەوە کەئەم ئیمامانە شەفاعەتکارنو شەفاعەتیان بۆ دەکەن. مەجلیسی لەکتێبی ((تحفة الزائرین))دا کەلەرێنمایی‌یەکی زیارەتکارانی شوێنە پیرۆزەکان دەچێ- دە دوعای درێژ باس دەکات کەشیاوی ئەوەن لەزیارەت کردنی نەجەفی ئەشرەفدا بخوێنرێنەوە. زۆربەی ئەم دوعایانە دەدرێنە پاڵ ئیمامی جۆربەجۆرو دەیان هەزار زیارەتکار، بەدرێژایی‌ی چەند سەدەیەك لەکاتی زیارەتی نەجەفی ئەشرەفدا[٢٧] خوێندوویانەتەوە، هەر کەسێکیش بەباشی لەونازناوانە وردبێتەوە کەدەدرێنە ئیمامەکان هیچی بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەی کەبڵێ تاکە رێگا بەرەو خوا، بەپێی ئەم دوعایانە، لەبەرێز راگرتنی ئیمامەکانو خۆشەویستی‌و بەپیرۆز زانینی یادیانە، هیچ موسڵمانێکیش ناتوانێ ببێتە پیاوێکی لەخواترسی پارێزگار ئەگەر ((وشەی‌پارێزگاری))-

کەلەنازناوەکانی ئیمامە- نەناسێتو ناتوانێ رێگا بدۆزێتەوە ئەگەر بە((دەرگای هیدایەت))دا- کەئیمامە- تێ نەپەڕێ. هەر کەسێکیش لەو نازناوانە بکۆڵێتەوە کەئیمامەکانی پێ ئاودێر دەکەن دەزانێ، وەکو ئێمە دەرکمان پێ کرد، کەتاکە رێگای خواناسی لەرێگای ئیمامەوەیە.

## بیروباوەڕە لاوەکییەکان

ئەوکەسەی بڕوا بەپێویستیی ئیمامەت دەکاتو بەو سیفاتانەی کەهی ئیمامنو بەو نازناوانەی کەهی ئەونو بڕوا بەوەش دەکا کەئیمام بەپێی دەق دیاری کراوەو عەلی مافی لەئیمامەتدا هەیە، ئەوکەسەی بڕوا بەو خاڵانە بکات دەبێتە موسڵمانێکی شیعەی بەتەقوای لەخواترس. ئەم چوار کۆڵەکەیەی بیروباوەڕی ئیمامیەت بریتین لەمەبدەئە مەزنە بنچینەییەکانی شیعەی دوازدە ئیمامی، بەڵام دوازدە ئیمامییەکان چەند کۆڵەکەیەکی لاوەکیشیان هەیە، لەوانە.

### ١-پرسینەوە (المسألة)

شیعە لەو باوەڕەدان کەدوو مەرگی جیاواز هەیە، مردن لەم دنیایەداو مردن لەقەبردا. ئیبن بابەوەیە لەکتێبی ((رسالات الاعتقادات))دا هەوالێ بەخاك سپاردنی فاتمەی کچی ئەسەد (دایکی عەلی) [٢٨] دەگێڕێتەوە، کەپاش دەرچوونی گیانی،

پێغەمبەر لەئامێزی گرتو خستیە گۆڕەوە، پاشان بەسەر تەرمەکەیدا نەوی بووەو بۆماوەیەکی درێژ بەدەنگێکی نزم دەیگوتەوە: ((کوڕەکەت، کوڕەکەت)) کە لەگۆڕەکە دەرچوو یارانی لێیان پرسی ئاگاداریان بکاتەوە کەچی دووبارە دەکردەوە، پێی گوتن کەلەنێو گۆڕەکەدا بوو دوو مەلائیکەت هاتنو پرسییان کێ خواتە، گوتی: ئەڵڵا خوامە، پاشان پرسییان کێ پێغەمبەرتە، گوتی: موحەمەد، پاشان پرسییان کێ ئیمامو وەلیتە، ماوەیەك چاوەڕوانبوو و تفی قووتدا، پێغەمبەر وەبیری هێنایەوەو گوتی: ((کوڕەکەت، کوڕەکەت)) پاش ئەوە مەلائیکەتەکان گۆڕەکەیان بەجێ هێشتو گوتیان ئیدی هیچ دەسەلاتێکمان بەسەریەوە نییە. پاش ئەمە ئیبن بابەویە دەڵێ، بۆ دووەمین جار مردەوە. بەڵگە ئەمەش ئەم ئایەتەی خوایە {قالوا ربنا امتتنا اثنتين واحييتنا اثنتين فاعترفنا بذنوبنا فهل الى خروج من سبيل} (سورەتی غافر/ ئایەتی ١٠)[٢٩].

## ٢-حەوز

لەبەهەشتدا حەوزێك هەیە بە ((کەوسەر)) دەناسرێو ئاودێری رۆژی قیامەتیش ئیمام عەلی کوڕی ئەبو تالیبە کەئاو بەیارانو لایەنگرانی دەدات و نایەڵێ دوژمنانی لێی نزیك ببنەوە. شیعە لەو بڕوایەدان کەهەر کەسە جارێك لەو

ئاوه بخواتەوه ئیدی تینوو نابێتەوەو دەڵێن گوایە پێغەمبەر جارێك لەبارەی حەوزەوە گوتوویەتی کەکۆمەڵێك لەیارانم بە بەردەمدا رادەکێشن‌و منیش لای حەوز وەستاوم، ئەو کۆمەڵە دەخەنە ئاگرەوە، هاوار دەکەم ((ئەوانە یارانی منن خوایە، یارانی منن))، خوای گەورەش دەڵێ تۆ نازانی پاش تۆ چییان کرد[٣٠].

## ٣- ئەعراف

ئەعراف شوورەیەکە لەنێوان بەهەشت‌و ئاگردا: {وعلى الاعراف رجال يعرفون كلا بسيماهم} (قورئانی پیرۆز، الاعراف: ٤٥). شیعە پێیان وایە ئەو پیاوانەی لەم ئایەتەدا باس کراون بریتین لەپێغەمبەرو وەسییەکانی، واتە دوازدە ئیمام. هیچ کەسێکیش ناچێتە بەهەشتەوە ئەگەر نەتوانێ ئیمامەکان بناسێ یان ئەگەر ئیمامەکان نەیناسن، کەسیش ناچێتە ناو دۆزەخەوە جگە لەو کەسانەی کەمافی ئەوان لەئیمامەتدا رەت دەکاتەوە، یان ئیمامەکان رەتی دەکەنەوە. بەم شێوەیە دەبینین کەچوونە ناو بەهەشت یان دۆزەخ کارێکە بەپێغەمبەرو ئیمامەکانەوە بەندە، یان ئەوان بڕیاری لەسەر دەدەن. وەکو لەم بڕوایەدا دەردەکەوێ، شیعەکان تەنها کۆمەڵن کە بەنیعمەتی بەهەشت شاددەبن، چونکە تەنها ئەوان دان بەمافی ئیمامەکاندا دەنێن.

## ٤-سیرات

پردێکە بەسەر دۆزەخدا دەڕواو ئەو شوێنەیە کەمرۆڤایەتی دەبێ بەسەریدا تێ پەڕێ. لەقورئانی پیرۆزدا باسی کراوە: {وان منکم الا واردها کان علی ربك حتما مقضیا} (مریم: ٧٠). شیعەکان دەڵێن گوایە جارێك پێغەمبەر بەعەلی گوت: ئەی عەلی، من لەرۆژی قیامەت لەگەڵ تۆو جبریلدا لای پردەکە دادەنیشم و کەس تێ ناپەڕێ ئەگەر لیستێکی لێ خۆش بوون بەهۆی لایەنگری بۆتۆ بەرز نەکاتەوە[٣١]. بەسەر پردەکەوە چەند کۆسپێك هەیەو هەر کۆسپەو ناوێکی هەیە، وەکو کۆسپی فەرزو ئەمرو نەهی. شیعەکانیش کۆسپی ولایەت دەخەنە سەری، کەبریتییە لەخۆشەویستیی ئیمامەکان. لەبەردەم کۆسپێکدا کەمرۆڤ پاش زیندوو کردنەوەی لەگۆڕ بەسەریدا دەڕوات، دەوەستێنرێ بۆ ئەوەی قەرزەکانی خوای گەورەو بێ هاوتا بداتەوە. خۆ ئەگەر موسڵمان هەموو کۆسپەکان ببڕێ، هێشتا کۆسپە سەرەکییە ترسناکەکەی لەبەردەمدا دەمێنێ، کەکۆسپی ولایەتە بۆ ئیمامەکان. هەموو مرۆڤێك لەم کۆسپەدا رادەگیرێ بۆ ئەوەی دەربارەی خۆشەویستیو پابەندبوونی بەئەمیری ئیمانداران عەلیو پاش ئەویش ئیمامەکانی دیکە، لێیان بپرسرێ. هەرکەسێك بەراستی وەلاّم بداتەوە رزگار دەبێتو ڕێگا دەدرێ

لەپردەکە بپەڕێتەوە[٣٢]. پیاوی بەد بەختیش ئەو کەسەیە کەناتوانێ وەلاّم بداتەوەو فڕێ دەدرێتە نێوئاگری دۆزەخەوە، بەلاّم ئیمام عەلیو ئیمامەکانی دیکە دەتوانن شەفاعەتی بۆ بکەن، خواش بەخشندەو میهرەبانەو وەکو ئیمام عەلی دەڵێ، بەشەفاعەتی ئەوان لەدۆزەخ دەری دەکات[٣٣].

## ٥- ستەمکاران

مەعنای دەقاو دەقی بریتییە لەدانانی شت لەشوێنی دیکەدا، نموونەی ئەمەش ئەوکەسەیە کەلافی ئیمامەت لێ دەداتو ئیمام نییە. ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان نموونەی ئەمەنو شیعە بەسێ زەوتکارەکە ناویان دەبەن. هیچ شتێك بەلای شیعەوە هێندە ئاسان نییە کەمەعنای ستەم بەو شێوەیە تێ بگات، واتە زەوت کردنی مافی عەلی لەئیمامەتدا لەلایەن ئەوسێ کەسەوە. شیعە دەڵێن ستەمکار ناسڵەمێتەوە لەدرۆ هەڵبەستن بەدەم خوای گەورەو بێ هاوتاوەو ئەم دوو ئایەتە بە بەڵگە دێننەوە: {ومن اظلم ممن افتری علی الله کذبا، اولئك یعرضون علی ربهم ویقول الاشهاد هؤلاء الذین کذبوا علی ربهم الا لعنة الله علی الظالمین الذین یصدون عن سبیل الله ویبغونها عوجا وهم بالاخرة هم کافرون}. (هود: ١٧و ١٨). شیعەکان فرێزی ((سبیل الله)) والێکدەدەنەوە کەمەبەست عەلی کوڕی ئەبو تالیبو ئیمامەکانی دیکەیە.

ستەمکاریش تەنها ئەو کەسە نییە کەلافی ئیمامەتی لێ دەدات و خۆیشی شایانی نییە، بەڵکو ستەمکار ئەو کەسەشە کەئیمامەت دەداتە پاڵ ئەو کەسەی شایانی نییە[٣٤]. ستەمیش، بەلای شیعەوە، خاوەنەکەی بەرەو کفر دەبات، بۆیە شیعە هەموو ئەوکەسانە بەکافر دەزانن کەشەڕیان لەگەڵ عەلی کردووە[٣٥]. ئیبن بابەوەیە کێشەی ستەم بەم شێوەیە کورت دەکاتەوە: ئەوەی بیروباوەڕی لەگەڵ بیروباوەڕی ئێمە نەگونجێ (واتە باوەڕهێنان بەعەلی و ئیمامەکانی دیکە) هیچ پەیوەندییەکی بەدینی خواوە نییە. مەعنای ئەم قسەیەش ئەوەیە کەهەر کەسێك شیعە نەبێ موسڵمان نییە.

## ٦- تەقیە

مەعنای تەقیە بریتییە لەخۆ دەربازکردن لەداخوازییەکانی دین، ئەمرو نەهیەکانی، لەژێر فشارو هەڕەشەدا، بۆ دوورخستنەوەی ئازار[٣٦]، مامۆستا براون وا پێناسەی تەقیە دەکات کەجۆرە خۆشاردنەوەیەکە کەلەهەلومەرجی تایبەتدا حوکمی عەقڵ دەیسەپێنێ[٣٧]. باشترین بەڵگە دەربارەی مەعنای تەقیە ئەوەیە کەئیبن بابەوەیە لەسەرزاری ئیمام جەعفەر دەیگێڕێتەوە کە گوتوویەتی: رەنگە گوێم لەپیاوێك بێت جنێوم پێ بدا، منیش لەپشت کۆڵەکەیەکەوە خۆم دەشارمەوە تا نەمبینێ.

هەروەها گوتوویەتی: ((بەڕواڵەت تێکەڵی خەڵك بن و لەناخەوە دژایەتیان بکەن، مادام ئیمارەت بۆچونێکی تایبەتییە)).

کەواتە تەقیە فەرزە بەسەر هەرشیعەیەکی سەر بەدوازدە ئیمام[38] و شێوازێکە لەکاتی پەیوەندی لەگەڵ دووڕوو وکافرەکاندا ((واتە موسڵمانە ناشیعەکان)) و موشریکەکاندا سوودی لێ دەبینێ و وای لێ دەکات وریاو زیرەك بێت لەمامەڵەکردن لەگەڵیاندا. دەشڵێن گوایە ئیمام جەعفەر گوتوویەتی: ((دووڕوویی لەگەڵ ئیماندارداموشریکی یەو لەگەڵ مونافیقان لەکەسی ئیماندارو مالیدا عیبادەتە))[39] و تەقیە تائەو کاتەی ئیمامی قایم (مەهدی چاوەڕوانکراو) دەردەکەوێ، پێویستە، ئیبن بابەوەیە پێ لەسەر ئەم خاڵە دادەگرێ و دەڵێ ئەوەی پێش دەرکەوتنی مەهدی دەست لەبەکارهێنانی تەقیە هەڵبگرێ لەدینی خوا دەردەچێت و سەرپێچی لەخواو پێغەمبەرو ئیمامەکەی دەکات[40].

لێرەوە دەبینین کەشیعە لەبیروباوەڕە بناغەییەکانیاندا پێ لەسەر گرنگی ئیمامەتی ئەهلی بەیت دادەگرن، بەڵام لەبیروباوەڕە لاوەکییەکانیاندا پێ لەسەر دووخاڵ دادەگرن: (أ) حەتمییەتی شەفاعەتی ئیمامەکان بۆ شیعە. (ب) گوایە

ئەوان، لەنێو سەرجەمی مرۆڤایەتیدا، تاقە گروپی رزگاربوون لەئاگر کە بەبێ سزاو حیساب دەچنە بەهەشتەوە.

کارتێکردنی ئەم دوو بیروباوەڕە: ئیمامەتی ئەهلی بەیتو شەفاعەتی ئیمامەکان بۆیان لەقیامەتدا، لەرەفتاری سیاسییان لەهەموو ولاتێک، بەتایبەت لەئێران و عێراقدا، بەرووڕی دیارە. یەکەمین بیروباوەڕ (ئیمارەتی ئەهلی بەیت) هەمو شیعەیەک ناچاردەکات ملکەچ و پابەندی نوێنەری مەهدیی مونتەزەر بێ. دووەمین بیروباوەڕیش (شەفاعەتی ئیمامەکان بۆیان) پیاوی شیعە دەکاتە زەلامێکی رەق و ملهوڕ لەهەلوێستە سیاسییەکاندا چونکە چ باکێکی هەیە کەئەو هەلوێستە لەژیانی دنیایی‌دا بنوێنێ مادامەکێ ئیمام لەقیامەتدا هەرشەفاعەتی بۆدەکاو بەهەشتی بۆ دابین دەکات؟ پێش ئەوەش هەوڵ بدەین رەفتارو هەڵسوکەوتی سیاسیی شیعە لێکبدەینەوە، دەبێ بەقوولی لەبیروباوەڕە ریشەیی و لاوەکییەکانیان تێ بگەین، چونکە زەمینەی عەقڵییەتی شیعەگەری هەرگیز دین و سیاسەت لێک جیاناکاتەوە.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

١-ابن بابويه: رسالات الاعتقادات، ل ٦٤. الكليني: الكافي، الجزء الثاني ل ٢١و ٢٨.

٢- الكليني: الكافي، الجزء الثاني، ل ٢٨.

٣- حەسەنی کوڕی یووسفی کوڕی عەلی کوڕی مەتەهەری حیللیيە، بابی یازدەیەم. و. م. میلەر (Miller)وەری گێڕاوەتە سەرزمانی ئینگلیزیو ((کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیایی) لەساڵی ١٩٢٨دا بڵاوی کردۆتەوە، ل ١٢٠. دانەری ئەم کتێبە دەزانێ، وەرگێڕانەکە وردنییە، بەڵام چونکە دەقە عەرەبییەکە بەئاستەم دەست دەکەوێ، بۆیە لێرە پشتمان بەوەرگێڕدراوەکە بەست.

٤-هەمان سەرچاوە، ل ٦٢.

٥-ئەوانیش خەواریجەکانن.

٦-المجلسي، محمد باقر: حياة القلوب، الجزء الثالث، ل ١- ٢٣.

٧- شایانی گوتنە کەلێرەدا شیعە لەبواری لێکدانەوەی قورئانی پیرۆزدا بۆچوونێکیان هەیە لەهی سوننە جیاوازە. زۆربەی ئایەتەکان والێك دەدەنەوە کەگوایە ئاماژە بۆ ئەهلی بەیت دەکەن. داواش لەخوێنەری بەڕێز دەکەین کەبۆ ئەم مەبەستە بگەڕێنەوە بۆدووەمین بەشی کتێبەکەی مەجلیسی کەپێشتر ئاماژەی بۆ کراوە.

٨-الكليني: الكافي، الجزء الاول، ل٢٥٨.

٩- المجلسي: حياة القلوب، الجزء الثالث.

١٠- الكليني: الكافي، الجزء الاول، ل ١٧٨. کلینی ئاماژە بۆئەوە دەکات کێشەی پشت بەستن بەئیمام بۆ زانینی راستو هەڵە ناگونجێ

لەگەڵ بۆچوونی عومەری کوڕی خەتتابدا چونکە شیعە دەڵێت گوایە کەپێغەمبەر لەسەرەمەرگدا بووە داوای قەڵەم و مەرەکەبی کردووە تا راگەیاندنێك بۆ ئومەت بنوسێ و لەونکردنی رێگای راست دووریان بخاتەوە، عومەر ملی بۆ داواکەی کەچ نەکردو گوتی: ((ئەم پیاوە وڕێنە دەکات، کتێبی خوامان بەسە)).

١١-ابن بابویه: رسالات الاعتقادات، ل ٩٩.

١٢-هەمان سەرچاوە، ل ٦٣.

١٣- خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ کتێبێکی تایبەت بە موعجیزەکانی ئیمامەکان کەراوەندی داینـاوەو نـاوی ((خرائج الجرائح))ـە.

١٤- الكليني: هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم، ل ٢١.

١٥-٣١٩.Majlisi. Op. Cit. In Donaldson. The Shi'ite Region.

١٦- ابن بابویه: رسالات الاعتقادات، ص ١٢٢.

١٧- الحلي ابن مطهر: هەمان سەرچاوە، ل ٧٠. شەرع زانە شیعەکان بە زۆری هەواڵێك دەگێڕنەوە کەدنیا لەشێوەی کچێکی جواندا هات بۆلای عەلی، بەڵام ئەوسێ بەسێ تەڵاقی داو ئیدی نەکرا ببێتە ژنی شەرعیی.

١٨- سەبارەت بەغەدیری خوم، زانایانی شیعە دووپاتی دەکەنەوە کەئیبن حەنبەل، کەدامەزرێنەری مەزهەبی ئەهلی سوننەتی حەنبەلیە، چەند جارێك لەمەسندەکەیدا باسی کردووە، ئەم خاڵەش لەهەر چوار کتێبە بەناوبانگەکەی شیعەکاندا باس کراوە.

١٩- الراوندي: خرائج الجرائح.
٢٠-الحلي: همان سەرچاوە، ل ٧٨.
٢١- الحلي: همان سەرچاوە، ل ٧٩.
٢٢- تحفة الزائرين، ل ٣٦٣.
٢٣- الكليني، الجزء الثاني، ل ٢١، ٢٨، ١٨٠.
٢٤- المجلسي: ئەمەش لەدۆنالدسۆنەوە وەرگیراوە.
٢٥-ئەوە وەبیر خوێنەردا دێنینەوە کەراستیو درۆی فەرمودە بەلای شیعەکانەوە جیاوازە، ئەگەر فەرمودەکە بدرێتە پاڵ یەکێك لەئیمامەکان ئەوا راستەو هیچ پێویست نییە بدرێتە پاڵ پێغەمبەرەوە، چونکە ئیمامەکان لەهەڵە بەدەرن.
٢٦-ابين بابويه: همان سەرچاوە، ل ٩٦.
٢٧-هێندێك لەو شتانەی لەم شوێنەدا دەیڵێنەوە: سڵاوت لێ بێ خۆشەویستی خوا، سڵاوت لێ بێ حوججەتی خوا، سڵاوت لێ بێ خەلیفەی خوا، سڵاوت لێ بێ ئەی پاسەوانی بەهەشتو دۆزەخ، شایەتمان دەدەم کەتۆ وشەی لەخواترسانیتو دەرگای هیدایەتو بناغەی بەهێزو کۆڵەکەی چەسپاوو ڕێگای ڕاستیت. شایەتمان دەدەم کەتۆ بەڵگەی خوایت بۆ مەخلووق، شایەتی بەندەکانیتو وەسی لەسەر زانستی، کۆگای نهێنییەکانی، شوێنی ژیریو برای پێغەمبەری خوایتو هی تر.
٢٨-ابن بابويه: رسالات الاعتقادات، ص ٦٠.
٢٩- همان سەرچاوە. ل ٥٤.
٣٠-همان سەرچاوە، ل ٦٧.
٣١-ابن بابويه: همان سەرچاوە، ل٧٢.

٣٢-ابن بابویه: هەمان سەرچاوه، ل٧٣.
٣٣-ابن بابویه: هەمان سەرچاوه، ل٥٤.
٣٤-ابن بابویه: هەمان سەرچاوه، ل١٠٧.
٣٥-ابن بابویه: هەمان سەرچاوه، ل١٠٨.
٣٦-ابن بابویه: هەمان سەرچاوه، ل١١٠.
٣٧-١٧٠ E.G. Brown: Persian Literature IV P.
٣٨-ابن بابویه: هەمان سەرچاوه، ل١١٢.
٣٩- نعمان ق. كتاب الاشرم.
٤٠--ابن بابویه: هەمان سەرچاوه، ل١١١.

## داب و نەریتی خێڵە شیعەکانی عیراق

یاسا نەنوسراوەکانی تایبەت بەسزادان و ململانێی مەدەنی نێوان خێڵە شیعەکان پێیان دەگوترێ ((سوانی)) کە وشەیەکی بازاڕییەو رەگی دەچێتەوە سەر وشەی ((سنە)) (سوننەت). ئەم یاسایانە پەیوەندییە خێڵەکییەکان بەپێی داب و نەریتی بەجێماو رێکدەخەن. هەرخێڵێك کەسانێکی بەژمارە کەمی تێدایە کە بەچاکی سەرودەر لەسوانی دەردەکەن و پێیان دەگوترێ ((عەواریف)) واتە زاناکان. ئەم عەواریفانە لەڕاستیدا بەقازیی خێڵ دەژمێردرێن و ئەو حوکمەی ئەوان دەیدەن نەك هەر لەلای خێڵ دادپەروەرو بێلایەنە بەڵکو پیرۆزیشە. ناکۆکیی نێوان ئەندامانی خێڵ و نێوان خێڵەکان لەدێرزەمانەوە بەپێی قانونەکانی سوانی یەکلادەکرێنەوە. کاتێك ئینگلیزەکان عیراقیان داگیرکرد، ئەو یاسایانەیان نوسییەوە و کردیان بەقانونی نوسراوی خێڵەکان. بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەئەنقەست و بەمەبەست ویستیان بەشێوەیەکی زیرەکانە دەسکاریی یاساکانی سوانی بکەن بۆئەوەی بکرێتە ئامرازێکی بەردەستی سەرخێڵەکان بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی نێو خێڵەکان[1].

حکومەتی کاتیی سالّی ١٩٢١ی عیراق سوانیی وەك چەردە یاسایەکی گونجاو بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵی خێڵەکیی عیراق ناساند. لەلای خێڵەکان ئیسلام سەرچاوەیەکی لاوەکیی قانونە چونکە ئەوان زیاتر دان بەنەریتنامەی سوانیدا دەنێن. کاتێك سوانیو شەریعەتی ئیسلام لەگەڵ یەکتریدا ناگونجێن، خێڵەکان وەك دواتر بۆ خوێنەر دەردەکەوێ زیاتر بەتەنگ ئەوەوەدەبن کەبەلای سوانیدا داشکێنن. ئەوی راستیش بێ، خێڵەکان پێیان وایە هیچ شتێك بۆ دابینکردنی سەلامەتیو جێگیریو یەکبونی خێڵەکەیان شان لەشانی سوانی نادا[٢].

پەیدابونی سوانی لەگەڵ پەیدابونی لەمێژینەی خێڵەکاندا هاوتەریبە. بۆنمونە، ئەگەر عەواریفەکان دەربارەی مەسەلەیەك یان زیاتر بڕیارێکیان دەرکرد، ئەو بڕیارە بۆ عەواریفەکانی دوای خۆیان وەك بەڵگەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەم چەشن تەماشادەکرێو دەبێتە قانونێکی دان پێدانراویش، واتە ئەوان لەم بوارو مەسەلانەدا پەیڕەوی لەپێوەرسازی دەکەن. بەڵام ئەگەر تاوانێکی نوێی نائاسایی رویداو نەیانزانی چ سزایەك بەسەر تاوانکاردا بسەپێنن، سەرۆکی خێڵ گەورە پیاوان بۆ کۆبونەوە بانگهێشت دەکاو لەو کۆبونەوەیەدا دەچنە بنجوبناوانی مەسەلەکە. زۆرجار مشتومڕەکەیان درێژە دەخایەنێو چەند رۆژێکی پێ دەچێ. دواتر بڕیاری یەکجارەکی

دەدەن‌و بە پەیامبەرێك خێڵەكانی دیكەی لێ ئاگادارەكەنەوە بۆئەوەی لەكاتی پێویستیدا خێڵەكانی تر پەیڕەوی لێ بكەن. لەناو خێڵەكاندا نەریتێك هەیە پێی دەگوترێ ((نەهوە)) كە نەریتێكە لێناگەڕێ كچانی مام شو بەپیاوانی دەرەوەی خێزان (كە پێیان دەڵێن بێگانە) بكەن چونكە لەناو ئەو خێڵانەدا كچی مام بۆ كوڕی مامە. لەبەرئەوە ئەگەر كچی مام شوی بەكەسێكی دی كرد، كوڕی مام بۆی هەیە ركابەرە بێگانەكەی بكوژێ. ئەم نەریتە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا ناگونجێ، بەڵام تائێستا لەناو خێڵەكاندا باوە. لەلای ئەو خێڵانەدا دین چەشنە رەفتارو هەڵسوكەوتێكە لەدەرەوە بەسەریاندا سەپاوە، لەكاتێكدا وا دەڕوانن سوانی كە قانون‌و نەریتێكە خۆیان دایانهێناوەو گوزارشت لەهەست‌و داب‌و دەستوری پشتاوپشت بەجێماوی خۆیان دەكا. بەڵام لێرەدا پێویستە باسی ئەوەش بكەین كەمەگەر بەدەگمەن فەتوایەكی زاناكانی نەجەف رەت بكەنەوە چونكە لەلای ئەواندا نەجەف رێزو حورمەتێكی تایبەتی هەیەو وەك شارێك سەیری دەكەن كەلەم بوارەدا بەپێی دەستورو فەرمانەكانی حكومەتی ناوەندی بەغدا رەفتارناكا.

كەواتە سوانی خەتێك بەدەوری كۆمەڵی خێڵەكی‌دا دەكێشێ‌و هەڵسوكەوت‌و رەفتارە كۆمەڵایەتی‌یەكەی

دادەڕێژێ. هەرکات کەسێك جورئەتی کرد لەو چوارچێوەیە بترازێ، بەلاساریکی شایستەی سزادان دەژمێردرێو بەدەگمەنن ئەوانەی لەم چەشنە سزایە دەربازدەبن. لەسۆنگەی ئەمەوە سوانی یاسایەکی نەنوسراوە بۆ ڕێکخستنی سزاکانی دەسدرێژیو کەتنو تاوانەکانی دژی سەلامەتیو ئارامیو ئاسودەییو یەکپارچەییی خێڵ. گرنگترین بەندەکانی ئەم قانونە بریتین لەتیرەگەری، مافی پەنابەری، هاواربردنە بەرو مافی تێپەڕین. تیرەگەری ئەوەیە کە کەسێك بەڵێن بدا کەلەکاتی پێویستدا دەست بداتە چەكو بەرگری لەخێڵەکەی بکات یان لەبەرخاتری خێڵەکەی هێرش بکاتە سەر خێڵێکی تر. ئەوە بەڵگەیە کەسەلامەتیی خێڵو دەستەبەرکردنی یەکبونی گروپەکە مەسەلەیەکە فەزلەکەی بۆ تیرەگەری دەگەڕێتەوە. کەواتە تاكو کۆمەڵ بەهۆی تیرەگەرییەوە بەرامبەر بەخێڵ بەرپرسیارن[٣]. لەم سەروبەندەشدا ((سۆدا)) ئەوجۆرە تاوانو کەتنانەن کەخراپ لەسەر ژنان دەشکێنەوە. دیارە ژن بەشەرەفی خێڵ دادەنرێو بەم پێودانگە هەرشتێك یا هەرکەسێك سوکایەتی بەژن بکا یان زیانی پێ بگەیەنێ، سوکایەتی بەشەرەفی هەمو خێڵ دەکا. تاوانە سێکسییەکانیش دەخرێنە خانەی سۆداوە. سۆدا لەسەوادەوە هاتوە، سەوادیش نیشانەی تۆڕەبونو پەست بونی خێڵە

لەتاوانکار. ئەوی راستیش بێ ڕێزلێنانی ژن لەناو خێڵدا ڕێزلێنانە لەشەرەفی ژنو پاراستنی سەلامەتیو ئاسایشی خێڵ[٤]. بێ لەوە، ڕێزگرتنی ژن بەڵگەیەکی دیکەی ڕێزگرتنی خێزانو بەپێژ راگرتنێتی لەنێو خێڵەکاندا. هەر بەهۆی ئەمەشەوە خێڵەکان سزای کوشتن بەسەر ئەو کەسەدا دەسەپێنن کە ژنێکی خێڵەکە ئەتك دەکا. لەکاتی سەرهەڵدانی هەر ناکۆکییەك لەناوخێڵدا، ئەوکەسەی لێ دەرچێ، کە تاوانە پڕ شەرمەزارییەکە دەکا، هەرکەسێك چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێ کە بەپەلەپروزێ فریای ئەندامانی خێڵ بکەوێ. خێڵ بۆی هەیە زناکار سوڕگوم بکات. پێویستە لەسەر هەر ئەندامێکی خێڵیش فریای ئەو ژنە بکەوێ کە دەقیژێنێو داوای کۆمەکو فریاڕەس دەکا. کەسێك لەبەر هەر هۆیەك سەری خۆی هەڵگرێو خێڵو خاکی خۆی بەجێ بێڵێ، داوای مافی پەنابەریو پاراستن لەخێڵێکی تردەکا بەو هیوایەی کە وەك قەسیر، واتە پەنابەر، وەریگرن. گوزارەی قەسیر هاوتای گوزارەی هاوپەیمانە. ئەگەر ئەو مافەی پێ ڕەوا بینرا، وەك ئەندامێکی خێڵ دەژمێردرێ، بەڵام هەمیشە بەچاوی بێگانە تەماشادەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە پارچە زەوییەکی بۆ خۆیو گاوگۆتاڵەکەی بدرێتێ تاکو پێی بژی. بەڵام نابێ قەسیر چەك هەڵگرێو داواشی لێ ناکرێ بۆ داکۆکی کردن

لەخێڵ بەشەڕ بێ چونکە سەروەری پاراستنی خێڵ ئەرکی ئەندامانی خێڵەکەیە. ئەگەر دەسدرێژیشی کرایە سەر یان پەلاماردرا، سەرخێڵ ئەم دەسدرێژییە بەدەسدرێژی بۆ سەرخێڵی میواندار دەداتە قەڵەم. سەرەنجام، دەبێ تێکڕای خێڵ هەقی لەدەسدرێژکاران بۆ بسەنێتەوە. تائێستا چەندین شەڕی خێڵەکی لەنێوان خێڵەکانی عیراقدا بەهۆی دەسدرێژیکردنی ئەمو ئەو بۆسەر قەسیر قەوماوە. ئەوە نیشانەیە کە قەسیر وەک میوان حسیابی بۆ دەکرێ، بەڵام میوان تەنها بۆ ماوەی سێ رۆژ رادەگیرێ و پارێزگاریی لێ دەکرێ، لەکاتێکدا قەسیر تا ماوەیەکی دوورودرێژی نادیار میوانی خێڵە. هەرچی ڕێزی میوانەکەی ناگرێ و هەرچی پارێزگاری لەقەسیرەکەی خۆی ناکا، شایستەی مەرحەمەت و بەزەیی خوانیە. لەبەرئەوە لایان باوە کە میوان ((میوانی خوایە)). خێڵ دەزانێ ئەگەر فلانەکەس بەقەسیر وەرگرێ لێپرسراوەتی یەکی قورسی دەکەوێتە ئەستۆ. هەرئەمەش والەهەندێ خێڵی لاوازو بێدەسەلات دەکا لەوەرگرتنی قەسیردا دودڵ و ڕاڕابێ. ئەگەر ئەندامێکی خێڵیش دەسدرێژی کردەسەر میوانەکەی یا سوکایەتی بەقەسیرکرد، رەنگە سەرخێڵ دەستوربدا مالّی بسوتێنن.

دو قانونی گرنگی دیکەی قانونەکانی داب‌ونەریتی خێڵەکان هەیە، ئەویش قانونەکانی دالّدەدان‌و مافی تێپەڕینە. کاتێك کابرایەکی خێڵەکی‌ی بێ دەسەلاّت لەخێڵە بێ دەسەلاّتەکەی خۆی رانابینێ پارێزگاری‌ی لێ بکاو دەشترسێ دەسدرێژی‌ی بکرێتە سەر، هانا دەباتە بەر خێڵێکی بەهێزو بەتواناو وەك هانابەر تێیدا وەردەگیرێ. دالّدەدان لەناو خێڵەکاندا بەقەدەر میواندارى‌و بەسەخاوەت راگرتنی میوان‌و قەسیر دیاردەیەکی کۆن‌و لەمێژینەیە. بەلاّم کەس بۆ هەتاهەتایە وەك هانابەر وەرناگیرێ بەڵکو تەنها بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، تا هەڕەشەی دەسدرێژی‌ی لەسەر دەڕەوێتەوە. هانابردنی کەسێك بۆ خێڵێك داننانە بەهێزو سەنگی خێڵەکە، لەبەرئەوە هەمو خێڵێك بەتەنگ ئەوەوەیە کە ئەم ناوبانگە جوانەی خۆی بپارێزێ. چادرنشینی عیراقی زۆر شانازی بەسام‌و شەوکەت‌و سەربەرزی‌ی خۆیەوە دەکا. ئەگەر بۆی، هەڵکەوێ، دەست لەدزی‌و پیاوکوژی ناگێڕێتەوە‌و سڵ لەدرۆکردن ناکا چونکە ئەم کردەوە ناشیرین‌و خراپانە گوزارشت لەدەرونە شەڕانگێزو هەڵکوتێنەرەکەی دەکەن. بەلاّم لەهەمان کاتدا ئەم چادرنشینە خراپ لەگەڵ هانابەرو میوان‌و قەسیران هەڵناسوڕێ چونکە ئەم هەڵسوکەوتە لەڕوانگەی سوانی‌یەوە بەخیانەتێکی گەورەو بەتاوانێکی دزێوی زنا ئاسا

دەژمێردرێ. ئەگەر کابرایەکی خێڵەکی کابرایەکی خێڵەکی تری کوشت- بەتایبەتی لەناوچەی فوراتی ناوەڕاست- رەنگە خێڵی کابرای کوژراو لەبری خوێنەکەی خوێنبایی یەک بەشێوەی گاوگوێتاڵ یا دانەوێڵە یا تفەنگ وەرگرێ. بەڵام ئەگەر تاوانی ئەنجامدراو زنا بوو، کابرای تاوانبار هەردەبێ بەسزای کوشتن بگات. لەنێو خێڵەکاندا دو تاوانەکەی زناو خیانەتی مەزن بەدزێوترین و بەدناوترین و ناشرینترین تاوان دەژمێردرێن.

ماوەی دادەدان بەپێی هێزو جەربەزەیی خێڵ، لەخێڵێکەوە تا خێڵێکی دی جیاوازە [٥]. بەڵام کاتێك خێڵ لەخۆی رانابینێ دادەی کابرایەك بدا، کابرا بۆی هەیە داوا لەخێڵەکە بکا بیگەیەنێتە لای ئەو خێڵەی لێی رادەبینێ دادەی بدا. ئەگەر خێڵەکە وەری گرت دەمودەست چەکی لێ دادەمالدرێ. بەڵام خزمەتی ئەسپەکەی دەکەن و سەرخێڵ گرەنتیی دەداتێ کەژیانی پارێزراوە. کاتێك حکومەتی تورك تاوانبارێکی راودەنا، قانونی دادەدانی خێڵەکی دەوری خۆی دەبینی. خێڵێك کە کابرای راونراو هانای بۆ دەبرد، چیی لەدەست دەهات بۆ شاردنەوەی دەیکرد نەبا ڕێزو هەیبەت و ناوی خۆی لەنێو خێڵەکاندا لەدەست بدا [٦].

((مافی تێپەڕین))یش نەریتێکی خێڵەکییە، ڕێککەوتنێکە لەنێوان دو خێڵدا کە بەهۆیەوە خێڵێکی ڕەوەند ڕێی پێ دەدرێ بەگاوگۆتاڵەوە بەناو خاکی دوژمندا ببوڕێ یاخود کاتێك دەترسێ لەکاتی تێپەڕین بەناو خاکی خەڵکانێکی تردا توشی گێچەڵۆ گۆبەند ببێ، ئەمەش بەوە دێتە دی کە نوێنەرانی خێڵە ڕەوەندەکە بەئاگاداری چەند چاودێتێك چاویان بەسەرخێڵی ئەو خێڵە بکەوێ کە بەتەمان بەناو خاکی خێڵەکەیدا تێپەڕن، ئەویش گرەنتییان دەداتێ کەتا لەخاکی ئەو دەردەچن پارێزگارییان لێ دەکاو سەلامەتییان مسۆگەر دەکا. پاشان بڵاوی دەکەنەوە کە فلان خێڵ بەپێی بەڵێنی ((پارێزگاری)) فیسار سەرخێڵ بەناو خاکی خێڵەکەدا تێدەپەڕێ. ئەگەر خێڵەکە، سەرەڕای بەدەست هێنانی مافی تێپەڕین، لەکاتی تێپەڕیندا هێرش یا دەسدرێژیی کرایە سەر، ئەرکی تۆڵەسەندنەوە لەدەسدرێژکار دەکەوێتە سەرشانی ئەو سەرخێڵەی مافی تێپەڕینی پێ داوە. ئەو تۆڵەیان بۆ دەکاتەوە زیانیان دەبژێرێ. ئەمەش بەو مانایە دێ کە ئەو سەرخێڵەی مافی تێپەڕین بۆ خێڵێکی دی دەسەلێنێ، دەبێ دەوڵەمەندو بەهێزبێ بۆئەوەی بتوانێ پێداویستییەکانی پەیمانەکەی جێبەجێ بکات. لەلای ئەو خێڵانەی بارگەو بنەیان لەدەوروبەری کەربەلادا خستوە مافی

تێپەڕین بە ((تسیار)) ناسراوە چونکە شێخێك کە ئەو مافە دەسەلێنێ نۆکەرێکی خۆی لەگەڵ ئەو خێڵەدا بەڕێ دەکا کەڕێی داوە بەناو خاکەکەیدا تێپەڕێ بۆئەوەی کەس هێرش نەکاتە سەری.

بەپێی قانونی سوانی تاوانەکان بەسەر چوار جۆردا دابەش دەکرێن: یەکەم: کوشتن یان ئەو تاوانەی کە هەڕەشەی بۆ سەر کەسێك تێدایە. دووەم: زنا یان تاوانە سێکسییەکان کە پێیان دەوترێ ((سۆدە)) یان ((عێبە)). سێیەم: تاوانەکانی کەمایەی دەسدرێژین بۆسەر ناوبانگی کۆمەڵایەتی. چوارەم: تاوانەکانی دەسدرێژی کردنە سەر سەروەت‌و سامان. ئەم چوار چەشنە تاوانە کاریان بەسەر تاکەوە هەیە بەڵام هیچ تاوانێك نیە کاری بەسەر تێکڕای خێڵەوە پەیوەندیی بەهەمو سیاسەتە گشتییەکەیەوە هەبێ چونکە دەمارگیری، ئەندامانی خێڵ بەڵای یەکتریدا رادەکێشێ‌و دڵسۆزی‌و دڵنەواییش تەنها بۆ خێڵە. لەسۆنگەی ئەمەوە هیچ تاوانێك نیە تاکەکەس دژی خێڵ ئەنجامی بدات.

جۆری یەکەمی تاوان، واتە کوشتن، دەکرێ بەچوار بەشەوە:

أ-کوشتن.

ب-سەقەت کردن بۆ هەتا هەتایە.

ج-زامدارکردن.

د-لەباربردن.

هەریەکێ لەجۆرە تاوانانە سزای خۆی هەیە. سزای کوشتن لەخێڵێکەوە بۆ خێڵێکی دی، واتە لەنێوان خێڵە نیمچە شارستانەکانو چادرنشینەکان، جیاوازیی هەیە. رەنگە خێڵە نیمچە شارستانەکان خوێنبایی بەشێوەی پارە یان گاوگوێتاڵ وەرگرن. بەڵام هەندێ جاریش داوای ((حەشەم)) دەکەن، واتە داوادەکەن لەنێو ژنانی خێڵی بکوژەکە ژنیان بدرێتێ، ئەویش بەمەبەستی سوکایەتی پێ کردن. خێڵ تەنها لەوکاتەدا خوێنبایی وەردەگرێ کە خێڵی بکوژەکە خێڵێکی جەربەزەو بەتواناو دەوڵەمەند بێو هیچ دەرەتانێك بۆ بەراوردکردنی هێزو توانای خێڵی کوژراوو خێڵی بکوژەکە نەبێ. هەندێ خێڵیش رازی دەبن لەباتی ئافرەت پارەیەکی وایان بدرێتێ کەژنی پێ بێ. بەڵام خێڵە چادرنشینە هەرە دواکەوتوەکان پێ لەسەر کوشتنی بکوژ یا خزمێکی نزیکی تا پێنجەم پشت دادەگرن. بەڵام ئەمڕۆ لەبەر دەسکورتیو ناگوزوریان خەریکن رازی دەبن خوێنبایی بەشێوەی پارە یا حوشتر وەرگرن (پەنجا حوشتر لەبری کوشتنی زەلامێك) بەمەرجێك بکوژەکە لانی کەم بۆ ماوەی دو سال لەو ناوە دوربخرێتەوە[٧]، ئەگەر نا خێڵی زیانلێکەوتو شەڕ لەدژی خێڵی بکوژەکە رادەگەیەنێ. ئەگەرچی رۆڵی ئافرەت لەژیانی خێڵەکیدا لەچاو رۆڵی پیاودا

زۆرکەم‌و پەراوێزی‌یە، بەڵام لەمەسەلەی خوێنبایی‌دا، چ بەشێوەی پارە بێ چ بەشێوەی چارەوێ، ژنِو پیاو یەکسانن، چ بکوژەکە پیاو بێ یان ژن. سەبارەت بەسزای تاوانی سەقەت کردنیش، دیارە ئەو سزایە دەوەستێتە سەر ئەو ئەندامەی لەش کەسەقەت دەبێ یان زیانی لێ دەکەوێ‌و گرنگی‌ی لەژیانی رۆژانەی کابرای زیانلێکەوتودا.

خێڵەکان لایان بۆتە نەریت کەلەم چەشنە تاوانانەدا زیان بەکەتنکەر ببژێرنەوە. بەڵام ئەگەر تاوانەکە کوێری یاخود نەزۆکی‌ی لێ کەوتەوە، لەگەڵ تاوانی کوشتندا بەیەك چاو تەماشا دەکرێ. سزای ئەو تاوانەی کە زیانی جەستەیی‌ی لێ دەکەوێتەوە لەنێوان بەقامچی لێدان‌و زیان بژاردنە. قامچی وەشێنەکەش سەرخێڵی ئەو عەشیرەتە دەبێ کە دەسدرێژی‌ی کراوەتە سەر. بەڵام خێڵی ئەلبوحەمەد لەپارێزگای عیمارە پێ لەسەرئەوە دادەگرێ کە دەبێ بکوژ یان تاوانبار بەپێ بچێتە مالّە زیانلێکەوتوو و داوای لێبوردن لەژنەکەی یان لەکورِە گەورەکەی بکاو ((زەبون))یێك واتە کراسێکی نوێ لەگەڵ خۆیدا بەرێ. ئەگەر زیانە جەستەیی‌یەکە دەرهاوێشتەی چەکێك یا ئامرازێکی ئاسنین بوو پێ بژاردنەکە دو بەرابەر دەبێ‌و داوای پۆزشیش لەژنەکە دەبێ گەرماوگەرم ئەنجام بدرێ[8]. بەڵام ئەگەر زیانە جەستەیی‌یەکە زادەی گوللەی تفەنگ بووبێ،

تفەنگەکە دەسبەجێ لەخاوەن تفەنگ دەسەنرێتەوەو دەبێ بەهی زیانلێکەوتو، بێ لەوە تفەنگدارەکە دەبێ نەختێ پارەش بدا کە عەواریفەکان بڕەکەی دیاری دەکەن. دواتر ئەگەر پیاوەکە بەهۆی زیانە جەستەییەکەوە مرد، ژنی پیاوە کوژراوەکە بۆی هەیە داوای خوێنبایی‌یەکی تەواو بکات. لەنێو خێڵەکاندا ئەگەر کابرایەك ناچار بکرایە ردێنی یا سمێڵی بتاشێ، ئەمەش (بێ لەوەی کە بەسوکایەتی پێ کردن دەژمێردرا) بەزیانێکی جەستەیی دادەنرا. سەرەنجام، بۆ بژاردنی ئەم زیانە دەبوایە لەبری هەر تاڵە مویەکی ریشی پێنج سەد قروشی تورکی لەکابرای کەتنکەر دەسەنراو لەبری هەر تاڵە مویەکی سمێڵیش هەزار قروش[٩]. ئەگەر زیانە جەستەییەکە لەبارچونی منالێ لێ کەوتەوە، سزاکە دەوەستێتە سەر سێکسی منالەکە، نێر یان مێ. ئەگەر منالەکە نێر بێ، زیانلێکەوتوەکان خوێنبایی‌یەکی تەواو داوادەکەنو ئەگەر مێینە بێ نیو خوێنبایی‌یان دەوێ. ئەگەر زیانەکە مردنی ژنە دوگیانەکەی لێ کەوتەوە، خوێنبایی‌یەکە بۆ دایکو باوکی ژنەکە دەبێ نەك بۆ مێردەکەی.

سەبارەت بەکەتنو تاوانە سێکسی‌یەکانیش، دیارە ئەمانە بەسەر پێنج جۆردا دابەش دەکرێن:

أ-زنا.

ب-ژن هەڵگرتن.

ج-ئەتك كردن (سەیحە).

د-نەهوە.

هـ-نێربازی.

بەپێی شەریعەتی ئیسلام زنا پەیوەندییەكی سێكسیی پیاوێكە لەگەڵ ئافرەتێك كە ژنی خۆی نیە. بەڵام بەپێی داب‌ونەریتی خێڵەكان زنا بەوە دەبێتە زنا كە ژنی زناكار ئافرەتێكی بەمێرد بێ‌و بەڕەزامەندیی خۆیشی زنای كردبێ، ئەگەر نا تاوانەكە دەبێتە ئەتك. هەر چۆنێك بێ، سزای زنا لەنێوان خێڵە نیمچە شارستانەكان‌و خێڵەكانی بیاباندا جیاوازە. بەپێی داب‌ونەریتی خێڵەكانی بیابان، ئەگەر ئافرەتێك لەكاتی چیلكە كۆكردنەوەو ئاوهێناندا- كەدو ئەركی سەرشانی ژنانی چادرنشینە- دەسدرێژیی كرایە سەرو بەهاتوهاوارو فیغان‌و داوای فریاڕەسەوە گەڕایەوە نشینگەی خێڵ‌و جلی بەری یەچڕ پچڕو درابوو (كە ئەمەش بەڵگەی بەرگری لەخۆكردنە)، خێڵەكەی مافی هەیە بكەرەكە یاخود خزمێكی تا باپیرەی پێنجەمی بكوژێ. بێ لەوە ئەو مافەشی هەیە كە هێرش بكاتە سەرخێڵی دەسدرێژكارو بۆ ماوەی سێ رۆژو چارەكی رۆژی چوارەم بارگەو وبنەی تێك‌و پێكدا. پاشانیش بەشوێن بكەرەكەدا دەگەڕێن. گومانی تێدانیە كە

لێرەدا پیاو ماقوڵان ئەوە بەسەر خێڵەکەدا دەسەپێنن کە بۆ بژاردنی زیانی ژنی ئەتك کراو دەبێ گاو گۆتاڵی سپی یان کوتاڵی سپی یان زیوی بدرێتێ. لێرەدا سوربونیان لەسەر رەنگی سپی مانای خۆی هەیە چونکە دەسدرێژکار ناوبانگی ئافرەتەکەی لەکەدار کردوەو سوکایەتیی پێ کردوەو پێویستە لەسەری رێزو حورمەتی جارانی بۆ بگێڕێتەوە. بەڵام ئەگەر کرداری زنا پاش رۆژئاوابونو پاش گەڕانەوەی گاڕان بۆ نشینگەی خێڵ ڕوبدا بێ، ژنەکە وا تەماشا دەکرێ کە دەستی لەتاوانەکەدا هەیە ئەگەر ئیدیعای ئەوەش بکا کە پەلامارداوە. بەم ژنەش دەڵێن ((عاقبەی سەرح)) واتە ئەو ژنەی کە پاش رۆژئاوابون بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە. لەو بارودۆخەدا پیاوی دەسدرێژکار، بەپێی یاساکانی سوانی، تا خێڵ ژنی زناکار نەکوژێ بەتاوانبار ناژمێردرێ. ئەگەر خێڵەکە ژنەکەیان کوشت بۆیان هەیە دەسدرێژکارەکەش راوبنێن. پیاوانی هەر خێڵێکی چادرنشین بۆ کوشتنی ئافرەتی زناکار هیچ دودڵیەك نانوێنن چونکە ئەگەر ئەم کارە توندوتیژە نەکەن، بێ لەوەی کەهیچ رێزو حورمەتێکیان لەلای خەڵکیدا نامێنێ، ئەمنیەتو ئاسایشی خێڵەکەش دەکەوێتە مەترسیەوە، ئەمنیەتو ئاسایشێك کە لەمێژە بەتەنگ پاراستنیەوەن. پاش کوشتنی ژنە زناکارەکە، پیاوانی خێڵ

دەکەونە خۆ. لێرەدا پیاوماقوڵان داوا لەخێڵی پیاوەکە دەکەن پیاوەکە بکوژن یان سوڕگومی بکەم یان لەڕیزی خێڵی نەهێڵن. لەباری ئاوادا پیاوانی ئەو خێڵەی دەسدرێژی‌ی کراوەتە سەر بۆیان هەیە شوێن پێی پیاوەکە هەڵگرنو لەهەر کوێیەك بینی‌یان بیکوژن[10]. بەڵام سزای زنا لەلای خێڵە نیمچە شارستانە لادێ نشینەکاندا جیاوازە. لەلای ئەو خێڵانەدا پیاو بۆی هەیە ژنەکەی خۆی تەڵاق داو داوا لەدایكو باوکی ژنەکەی بکا هەمو ئەو خەرجی‌یەی بۆ بگێڕنەوە کە لەڕۆژی ژن هێنانەوە تا ڕۆژی تەنجامدانی زناکە سەرفی کردوە یاخود داوای دو ژن لەدەسدرێژکارەکە بکا. بەڵام سەرەڕای هەموشتێك ژنی زناکار لەکوشتن رزگاری نابێ چونکە ئەگەر میێردیشی لێی خۆش بێ رەنگە خزمو کەسوکارەکەی بیکوژن. بەڵام لەناوچەی زۆنگاوەکانی باشوری فوراتی خوارو، بەتایبەتی لەجبایش، ئەگەر کەسێك زنا بکا دەکەوێتە بەر هەڕەشەی کوشتنی ئەوکەسەی دەسدرێژی‌ی کراوەتە سەرو لەدۆخێکی ئاوادا بکوژدانی خوێنباییشی لەسەر نیە.

ڕەنگە ئافرەت لەلای خێڵەکاندا لەبەر چەندین هۆ هەڵبگیرێ. بەڵام هەر چی‌یەك بێ هۆکان، سزاکە بریتی دەبێ لەکوشتنی ژنهەڵگر یان دانی ((حەشەم)) واتە دانی ژنێك لەباتی ژنی هەڵگیراو یان بژاردنی زیانەکە. پاش ڕەدوکەوتنی

ژن، خێڵ دیوەخانەکانی خۆی دادەخاو پێشوازی لەمیوان ناکا، دەست لەکاروباری بازرگانیو لەوەڕاندنی گاوگوێتاڵ هەڵدەگرێو هەمو ئەندامانی خێڵ رادەسپێردرێ بەشوێن ژنی ڕەدوکەوتودا بگەڕێنو لەهەر کوێیەکدا بینیان بیکوژن. واباوە ژنهەڵگرو ئافرەتە ڕەدوکەوتوەکە هانا بۆ خێڵێکی تر بەرنو داوای دادەدانی لێ بکەن بەبێ ئەوەی ناچاربن هۆی پێویستی دادەدانیان روون بکەنەوە چونکە داواکردنی مافی دادەدان بۆ ئەو پیاوەی داوای دەکا مایەی سەربەرزیو سەربڵندی نیە- ئەویش لەسۆنگەی ئەوەوە کە ڕەنگە پیاوە ژنهەڵگرەکەو ژنە ڕەدوکەوتوەکە لەبەرچاوی ئەو خێڵەی هانای بۆ براوە خەڵکانێکی جوامێری سەر بەخێڵێکی سەربڵندو سەرفرازو بەڕێزو حورمەت بنو ئەرکی خێڵەکەشە بەپەنابەر وەریانگرێ. ئەگەر خێڵی ژنەکە پەناگەکەی پێ زانی، کەسوکاری ژنەکە یەکسەر پەیوەندی بەو سەرخێڵەوە دەکەن کە بەپەنابەر وەری گرتونو وردو درشتی مەسەلەکەی تێدەگەیەنن، ئیتر دوای ئەمە سەرخێڵ ژنهەڵگرەکەو ژنە ڕەدوکەوتوەکەیان دەداتێ، ئەوانیش دەیانکوژن. ئەگەر ژنهەڵگرەکە ڕایکرد، دەبێ خێڵەکە هەمو پیاوەکانی خۆی بۆ دۆزینەوەی بخاتە گەڕو ئەگەر دۆزیشیانەوە دەیکوژن. هەندێ جار ژنهەڵگرەکە داوا لەسەرخێڵێکی ناسراودەکا ناوبژی بکا

بەڵکو بتوانێ وا لەپیاوانی خێڵی ژنەکە بکا لێی خۆش بن و نەیکوژن. ئەگەر شەفاعەتی سەرخێڵەکەیان قبوڵ کرد، دەبێ ژنهەڵگرەکە خوشکێکی یا خزمێکی خۆی بداتە برا گەورەکەی ژنە ڕەدوکەوتوەکە- ئەو ئافرەتەش کە دەدرێ دەبێ کچ بێ. لەهەمو بارودۆخێکدا، ئەگەر مەسڵەت کرا، ئەو پیاوەی ژنی هەڵگرتوە بۆی نیە بچێتە هیچ دیوەخانێکی خێڵەکەی و تەنانەت لەلای پەنابەرەکانی خێڵەکەشی هیچ ڕێزو حورمەتێکی نابێ. بەڵام ئەگەر ڕازی بوو، بێ پەروا لەجۆری هەڵسوکەوت، لەنێو قەوم و قیلەی خۆیدا بژی، دەبێ چەکەکەی خۆی بداتەوە و بۆ هەمیشە بێ چەك بێ. دیارە ئەمەش لەلای خێڵەکاندا ئەوپەڕی سوکایەتی و سەرشۆڕییە. ئەگەر ژنهەڵگرەکە پەیوەندیی باشی بەخێڵێکی بەهێزی وەك خێڵی بەنی حەکیمی مونتەفەقەوە هەبێ، ڕەنگە وەك وێڵ و سەرگەردانێك هانای بۆ بباو ژنە ڕەدوکەوتوەکەش لەخۆی مارەبکا بامێردیشی هەبێ. ئەمەش شتێکە لەگەڵ شەرعی ئیسلامەتیدا ناگونجێ. زۆرجار لەبارودۆخی ئاوادا دادگاکانی بەغدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم چەشنە ژن هێنانەیان داوەو بەژنهێنانێکی نایاسایی یان داوەتە قەڵەم. بەڵام لەلای خێڵەکاندا ئەمجۆرە ژن هێنانە بەپێی داب و نەریتیان ژن هێنانێکی قانونییە.

لەنێو خێڵەکاندا ئەتك کردنی ئافرەت بە ((سەیحە)) ناسراوە. مەرجیش نیە ئەتك کردن بەپێی پێویست کارێکی سێکسیی بەزۆریێ لەنێوان ژنو پیاوێکدا. دەشێ ئەوکارە بریتی بێ لەهەوڵدانی پیاوەکە بۆ لەخشتەبردنی ئافرەتەکە یاخود تەفرەدانی بەو مەبەستەی کە ئافرەتەکە مل بۆ ئارەزووە سێکسییەکانی پیاوەکە کەچ کا. لەڕوانگەی خێڵەکانەوە ئەم چەشنە گەرِ لێ ئالآندنە بەئەتك کردن دەژمێردرێو[11] بەسەیحە، واتە قیژە، ناسراوە چونکە هەر کە ئافرەت توشی ئەم جۆرە گەرِ لێ ئالآندنە دەبێ پێویستە بقیژێنێو داوای کۆمەكو فریارِەسی بکا. بێ لەوە لێشی چاوەڕوان دەکرێ کراسی پەلامارەر ونجرِ ونجرِ بکاو پارچە پەڕۆیەکیشی لەلای خۆی لێ گل بداتەوە بۆئەوەی ئەو پارچە پەڕۆیە بەلگەبێ لەسەر ئەوەی کە پەلاماردراوە، بەمەش برِوا بەئیدیعاکانی دەکرێ. بەپێی سوانی، پیاوی ئەتککەر بەوە سزادەدرێ کە بکوژرێ یاخود حەشەمی لێ بسەنرێ. بەلآم ئەگەر خزمو کەسوکاری ئافرەتە رەدوکەوتوەکە لەشوێنێکی نزیکدا باروبنەیان خستبێ، ئەگەر دەستیان بگاتە ئەو پیاوەی ژنی لێ هەلگرتون یەکسەر دەیکوژنو مەگەر تەنها پاش چەند هەفتەیەك، کە هێشتا پیاوەکەیان نەکەوتۆتە بەردەستو نەشیانکوشتوە، ئنجا رازی بن پیاوەکە لەبری ئافرەتە رەدوکەوتوەکە ژنیان بداتێ. بەلآم

لەهەمو بارودۆخێکدا ئەگەر خێڵی ژنە رەدوکەوتوەکە رازی بون ژنێك بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەکە وەرگرن، پێویستە ژنەکە بدرێتە ئەو خێڵەی ژنی لێ هەڵگیراوە. خێڵی ئەتککەر چەند زوتر ژنەکە بدەن، بۆ ئەوان چێترو باشترەو چەند خاووخلیچکی بنوێنن، خێڵی ژن لێ هەڵگیراو بەڕەوای دەزانێ زیانیان لێ داو تۆڵەی خۆی بکاتەوە.

لەنێو خێڵدا کچان بەزۆر دەدرێنە ئامۆزاکانی خۆیان، ئەگەر ئامۆزاکان ویستیان. لەبەرئەوە ئەگەر بێگانەیەك بەبێ رەزامەندیی ئامۆزایەکی لەکچەکانی هێنا، ئەو ئامۆزایە- کەپێی دەڵێن ناهیو نەهوەش لەوەوە هاتوە- بەبێ پرس کردن بەدایكو باوکی کچەکە بۆی هەیە بێگانەکە بکوژێ. لەسەرێکی ترەوە ئەگەر کچێك ویستی شو بەبێگانەیەك بکا (بێجگە لەئامۆزا هەموکەس بەبێگانە دەژمێردێ) دەبێ پێش هەمو شتێك رەزامەندیی ئامۆزاکەی وەرگرێ. ئەوی راستیش بێ کچ ئەگەر لەوە دڵنیانەبێ کە ئامۆزاکەی رازیەو گۆبەند نانێتەوە، هەرگیز مێرد بەبێگانە ناکات. ئەگەر باوکی کچەکە پێش شوکردنی کچەکەی مرد، هەرچی داوای دەستی ئەو کچە دەکا دەبێ بەرلەهەمو شتێك ئامۆزای کچەکە رازی بکا. کچ ئەگەر بیەوێ ئامۆزاکەی دەستی لێ هەڵگرێ، چەند رێوشوێنێك بۆ قەناعەت پێ کردنی دەگرێتە بەر کەپێی

دەوترێ ((رەزوە)) یاخود ((مەشیە)) کە بریتین لەبڕێك پارە یان هەندێ گاوگۆتاڵ کەپێی دەوترێ ((شاوی)). ئەگەر ئامۆزا رەزوەکەی رەت کردەوە، کچەکە رەدو دەکەوێو خۆی خۆشەویستەکەی هانا بۆ خێڵێك دەبەن و داوای مافی پەنابەرێتی دەکەن و دواتریش دەبنە ژن و مێرد[12]. شێخی ئەو خێڵەی کە کوڕو کچەکە هانای بۆ دەبەن دەکەوێتە نێوانەوەو هەوڵ دەدا بەئامۆزای کچەکە بسەلێنێ کەزاوا پیاوێکی چاکەو لەخێڵێکی ناسراویشەو بۆ خێڵەکە چاکە نێوانی لەگەڵ ئەو خێڵەدا تێك نەچێو چێترە بەم ژنهێنانە رازی بێ. واباوە کە پێش بەدەسگیران بون یاخود پێش هەڵێنانی هیچ هەنگاوێکی کارا بۆ ژنهێنان پەیڕەوی لە ((نەهوە))[13] بکەن. ئەگەر داواکارە بێگانەکە سەر بەخێڵێکی بەتواناو دەسڕۆیشتو بێ، ئامۆزای کچەکە بۆ نەهێشتنی هیچ پێکهەڵپژانێك لەگەڵ خێڵی داواکارەکەدا، سەری خۆی هەڵدەگرێو لەشوێنێکی تر باروبنە دەخا. ئاهەنگی ژن هێنان لەوکاتەدا بەڕێوەدەچێ کەخۆی لەوێ نەبێ، بەڵام دواتر پێویستە کچەکەو کەسوکاری بەشوێنیدا بگەڕێنو بیگەڕێننەوە نێو خێڵ، پێی بسەلێنن کە رازی بێ رەزوە وەرگرێ یاخود لەبری ئەمە کچێکی بدەنێ. ئەو ئامۆزایانەی کە خێڵ گوێیان پێ ناداو پشت گوێیان دەخا، تورەیی دایاندەگرێو بۆ هەمیشە دەبنە مایەی هەڕەشە بۆ سەر

ئارامی‌و ئاسایشی خێڵەکە. ئەگەر یەکێ لەو ئامۆزا یاخی‌یانە ئەو هەڵەی بۆ هەڵکەوت کەچەند لایەنگرێك لەدەوری خۆی کۆکاتەوەو گەڕ لەبنەماڵەی کچەکە بئاڵێنێ، رەنگە بنەماڵەی کچەکە رازی بن بەیاننامەیەك بەئیمزای سەرخێڵەوە دەرکەوتو تێیدا رایگەیەنن کە شوکردنی کچەکەیان هیچ ئەسڵو ئەساسێکی نیەو مارەیی‌یەکەشی بۆ کابرای بێگانە بگێڕنەوە. ئاشکراشە کەئەم نەریتە لەگەڵ شەرعی ئیسلامدا ڕێکناکەوێ، بەڵام خێڵەکان تائەمڕۆ جێبەجێی دەکەن. لەم سەروبەندەدا حکومەتی عیراق توانیویەتی بەخێڵەکانی دلێم بسەلێنێ کەواز لەنەهەوە بێنن، بەڵام ئەوەی بۆ نەچۆتە سەر کەوا لەهەمو خێڵەکانی تری عیراق بکا بەچاولێکەری‌ی خێڵەکانی دلێم دەست لەنەهوە هەڵگرن.

سەبارەت بەنێربازیش، پێدەچێ ئەم دیاردەیە لەنێو خێڵە چادرنشینەکاندا باوی نەبێو لەنێو خێڵە لادێ نشینەکانیشدا کەم بێ. سزای نێربازی- کە تاوانێکە لەچەشنی ((سۆدا))- ئەوەیە کە کچێك بدرێتە وەلی ئەمری ئەو کوڕەی نێربازی‌ی لەگەڵداکراوە[١٤]. تاوانی نێربازی لەلای خێڵی GRAIT کە لەنزیك بەنداوی هندیە دەژی، لەچەشنی تاوانی کوشتنەو سزاکەشی کوشتنە، هەر لەبەرئەوەشە کە داوا لەبکەر دەکەن خوێنبایی‌ی پیاو بدات. بەڵام خێڵەکانی شەترەو ئزێرق پاش

ئەوەی زبانێکی تەواو بەبکەرەکە دەبژێرن پێ لەسەر سورگوم بونی دادەگرن. کەچی خێڵی عبودەی لیوای مونتەفەق بۆ سزادان ئەندامی زاوزێی بکەر دەچزێنن یاخود دەیخەسێنن.

ئەو تاوانانەی کە رێزو ناوبانگی کۆمەڵایەتیی تاکەکەس لەنێو خێڵدا لەکەداردەکەن هەرچیەک بن پێیان دەوترێ تاوانەکانی ناوزڕاندنو ((زمان پیسی))شیان پێ دەوترێ. لەلای ئەواندا ناوزڕاندن بریتیە لەبەئاشکرا تۆمەت خستنە پاڵ کەسێك کە گوایە فلان تاوانو فیسار کەتنی کردوە، ئەویش بەمەبەستی لەکەدارکردنی ناوبانگی لەنێو خەڵکیدا. لەڕوانگەی ئەوانەوە بەئاشکرا تۆمەت خستنەپاڵ کابرایەك نەك هەرخۆی دەگرێتەوە بەڵکو خزمو کەسوکارەکانیشی کە هەست دەکەن بەم کارە سوکایەتی بەوانیش کراوە. ئەگەر کەسێك تۆمەتی زنای خستە پاڵ ژنێکەوە، تۆمەتەکە تەواوی بنەماڵەکە دەگرێتەوەو کاردەکاتە سەر رێزو حورمەتیان لەکۆمەڵدا. بەڵام ئەگەر کەسێك ئەو تۆمەتەی خستە پاڵ کەسێکەوە کەپیاوی کوشتوە یاخود خێڵێکی بەوە گوناهبارکرد کە خەریکی تاڵانو برۆیە، ئەوا ئەم تۆمەتە ناچێتە خانەی ناوونانۆرە پەیداکردن بگرە بەپێچەوانەوە رەنگە پێداهەڵگوتنو پێداهەڵدان بێ. واتە بۆئەوەی تۆمەت ناو بزڕێنێ، دەبێ خراپ کاربکاتە سەر ناوبانگ. سەرەنجام ئەم

چەشنە تۆمەتانە پەیوەندییان بەتاوانەکانی سۆدا (تاوانە سێکسی‌یەکان) یان ناوونانۆرە پەیداکردنەوە هەیە کەشەرەفی پێشینانی کابرای جنێوپێدراو دەگرێتەوە. شەرەفی پێشینانیش لەلای خێڵەکاندا مەسەلەیەکی گرنگە. لەنمونەکانی لەکەدارکردنی شەرەفی پێشینان ئەوەیە کە بوترێ گوایە باپیرە گەورەی فلانە کەس کۆیلەی ژێردەستی فیسارکەس بوە. لەجۆرە مەسەلانەدا رۆڵی پیاوماقوڵان لەوەدایە کەکابرای جنێودەر بانگ بکەن‌و لەوە بکۆڵنەوە کە ئاخۆئەوەی ئەم دەیڵێ راستە یان هەڵبەستراوەو لەم رووەوە داوای لێ دەکەن بەڵگەی زیندوو بڕێنەرەوە بەدەستەوە بدا. ئەگەر کابرا پیاوماقوڵانی بردە سەر ئەو باوەڕەی کە بڕوای پێ بکەن، تاوانبار سزا دەدرێو کابرای ریسواکەریش ئافەرینی لێ دەکرێ. بەڵام ئەگەر پیاوماقوڵان وا تێگەیشتن کە کابرا دەیەوێ ناوی نەیارەکەی بزڕێنێو ناوونانۆرەی لێ بنێ، بە بەرچاوی هەمو خەڵکەوە سزای دەدەن، ئیتر کابرای ریسواکەر بەسەریدا دەسەپێنرێ کە کچێك بداتە وەلیی ژنی ناتۆرە بۆ هەڵبەستراو. هەندێ جار ئەوەش رودەدا کە کابراکانی ئەو ژنەی تۆمەتی زنای خراوەتە پاڵ یاخود خزم‌و کەسوکارە نزیکەکانی، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە مێردەکەی باوەڕی بەپاکی‌و دڵسۆزیی ژنەکەی هەیە یان نا، پەلاماری ژنەکە دەدەن‌و دەیکوژن.

ئەوسا ریسواکەر ئافرەتێك لەخزمەکانی خۆی و کچێك بەحەشەم هەڵدەبژێرێ و هەوڵ دەدا ریسواکراو (وەلی ژنەکە چ مێردی بێ چ برای) رازی کا ژنەکە بکاتە خێزانی خۆی و ئەوی تریش وەك بژاردنی زیان قبوڵ بکات. خەرجی یەکانی شایی ی زاواش کەرەنگە حەوت شەو بخایەنێ، لەئەستۆی کابرای ریسواکەردا دەبێ[15]. بەڵام هەرچۆنێك بێ، تاوانی ناوزڕاندن بەدەگمەن رودەدا چونکە پیاوی خێڵەکی زۆر بەتەنگ ناوو هەیبەتی خێڵەکەیەتی و نایەوێ ناوونا تۆرەی بۆ پەیدابکاو دانایانە هەوڵ دەدا گیروگرفتەکان چارەسەر بکات. پەیوەستی دەمارگیری ی خێڵەکی و دڵسۆزی ی چادرنشین بۆ خێڵەکەی و شانازی کردنی بەخێڵەکەیەوە، بەشێوەیەکی خۆبەخۆ هانی دەدەن ناوونا تۆرە لەهیچ ئەندامێکی خێڵ نەنێ.

لەلای خێڵەکاندا تاوانەکانی تایبەت بەپارەو مووڵك و سامان بەسەر سێ جۆرە تاواندا دابەش دەکرێن:

أ-تاڵان واتە دزی.

ب-بەئەنقەست سەقەت کردنی گیاندارە مااڵی یەکان.

ج-پێشێل کردنی موڵکی خەڵکانی تر.

تاوانی تاڵان بەئەنقەست و بەدزییەوە زەوت کردنی موڵکی خەڵکانی تر دەگرێتەوە. رەنگە ئەم تاوانە زۆر بەدەگمەن لەنێو خێڵە چادرنشینەکاندا روبداو زۆرترینی لەنێو خێڵە نیمچە

شارستانه نیشتەجێ بوەکانی لادێدا دەبینرێ، تەنانەت لەنێو ئەوانیش بەدەگمەن رودەدا. لەلای ئەواندا بەدز دەڵێن بەوواگ یاخود حەوواف[16]، خێڵەکانی مونتەفەقیش پێی دەڵێن فاسد یاخود دەلاخ. چەند نمونەیەکیشیان لەسەر بەسوکایەتی تەماشاکردنی دز هەیە. بەڵام لێرەدا پێویستە تاڵان بەمانای دزی لەتاڵان بەمانای تاڵانو بڕۆ جودابکرێتەوە چونکە تاڵان بەمانای دزی غافڵگیرانەو ژێربەژێر رودەدا. لەبەرئەوە بەتاوانێکی لەکەدار دەژمێردرێو بۆ ئەوکەسەی دەیکا مایەی شەرمەزاریو سوکایەتییە. بەڵام تاڵانو بڕۆ، واتە چەتەیی، کەبەڕۆژی رونـاك رودەدا، رەنگە مایەی سەربەرزیو پێداهەڵگوتن بێ چونکە بەڵگەی ئازایەتیو جەربەزییە. لەکاتێکدا هەرچی بەدزی دەبرێ بەحەرام دادەنرێ، هەرچی لەکاتی تاڵانو بڕۆدا بەدەست دێ بەحەڵاڵی تاڵانکەر (کەپێی دەوترێ غازی)[17] دەژمێردرێ.

ئەگەر کەسێك شتێکی بەنرخی لێ بزربوو یاخود شتێکی لێ کەوتو کەسێکی دی دۆزییەوە، ئەوکەسەی شتی لێ ون بوە سواری حوشترەکەی دەبێو بەشێنەیی بەنێو نشینگەدا دەگەڕێو بەدەنگێکی بەرزی ئاوازدارەوە هاواردەکاو رایدەگەیەنێ کەشتێکی ئاواو ئاوای لێ بزربوەو هەرکەسێکیش بۆی بدۆزێتەوە ((حەلاوە)) (یاخود حلوانو حلونیە)ی

پاداشت دەکا. کابرا ئەوەش دەڵێ ((خوا لەخۆ مەتۆرێنە، دۆزەرەوە)) [18]. ئەوکەسەی شتەکەی دۆزیبێتەوە سەر لەڕەشمالەکەوە دەردێنێو دەڵێ: ((وەرە بۆئێرە، کابرای شت لێ ونبوو))[19]. سزای دزیش لەنێوخێڵەکاندا دەوەستێتە سەر ئەو هەلومەرجەی دزییەکەی تێدا رویدا. لەبەراییدا، ئەگەر دزەکە کارکەری کابرای لێدزراو بێ یاخود دەبوایە مووڵكو سامانی کابرا بپارێزێ نەك بیدزێ یاخود ئەگەر دراوسێی بووبێ، سزاکە دوبەرابەر دەبێو دەبێ ژنێکیش بدا. پاشان، ئەگەر ئەو شتەی دزراوە هی سەرخێڵ بێ، سزاکە نەك هەر دوبەرابەر دەبێ بەڵکو لەبری ژنێکیش دەبێ زیاتر بدرێ. لەنێو چادرنشینەکاندا دو گروپ هەیە کە دزییان لێ ناکرێ یەکێکیان سەیدەکانی نەوەی عەلی‌ی کوڕی ئەبو تاڵیبەو ئەوی تر هەژارە بەلنگازە دەسکورتەکانە. ئەگەر دزی لەمانە کرا، سزاکە بەوە داناکەوێ کەدوو بەرابەربێ، بەڵکو سەرخێڵ بۆی هەیە داوا لەدزەکە بکا سەری خۆی هەڵگرێو لەلایان نەمێنێ نەبا هەمو خێڵ لەڕقی کابرای دز بەر غەزەبو تووكو نفرینی خوا بکەوێ. سێیەم، ئەگەر ئەوشتەی دزراوە لەوشتانە بێ کەبۆ کاروباری کشتوکاڵ یان بۆ تاڵانو بڕۆ بەکەڵك دێ، وەك ئەسپی رەسەنی عەرەب، کابرای لێقەوماو بۆی هەیە داوا بکا زیانەکەی بەچاکی بۆ ببژێردرێ. لەنێوخێڵەکاندا بەئەسپ دز

دەگوترێ بەتتاح‌و وا سزادەدرێ کە بەپەلبەست کراوی بەسەر ئەسپێکەوە بۆ چەند رۆژێك بەبێ نان‌و ئاو بهێڵدرێتەوە، بێ لەوەی کە پارەیەکی زۆرو ژنیشی لێ دەسەنرێ. ئەگەر لەکاتی دزییەکەدا کەسێك دزەکەی لەڕەشمالەکەی خۆیدا دی بێ، بۆی هەیە بیداتە بەر گوللان‌و بیکوژێ یاخود بەقامچی دابارێنێتە سەری یاخود تاکوکشتن سەرو پۆتەڵاکی بکوتێ، ئەمەش نەك لەبەرئەوەی کابرا بۆ دزی کردن خۆی بەنێو رەشمالەکەیدا کردوە بەڵکو لەبەرئەوەی حەرەمی چادرەکەی بەزاندوەو لەوانە بوو ژنەکانی لەدۆخێکی شەرم ئامێزدابببینێ، ئەمەش نەنگی‌یەکە مەگەر تەنها بەزەبروزەنگ لەکەکەی بسڕێتەوە. خێڵەکان وەك بەڵگەیەك لەسەر بەسوکایەتی تەماشاکردنی دزی‌و دز، رەنگە بەهەرەوەز پارەی خوێنبایی بۆ پیاوکوژێك کۆبکەنەوە، بەڵام هەرگیز بەهەرەوەز پارە بۆ یارمەتیدانی کابرایەکی دز کۆناکەنەوە.

لەلای خێڵە نیمچە شارستانەکانی ناوچەکانی فوراتدا حوشتر، ئەسپ ئێستر، سەگ‌و گامێش بەگیانداری سودبەخش دادەنرێن. هەر تاوانێك لەدژی ئەوگیاندارانە کاردەکاتە سەر ئاستی ژیانیان، لەبەرئەوە قانونێکی سزادانی توندوتۆڵیان بۆ بەرپەرچدانەوەی دز تێدا هەڵکەوتوە. زۆرجار ئەگەر لەنێوخێڵدا کەسێك بەئەنقەست سەگێکی تۆپاند، خاوەن سەگەکە لەبری

سەگی تۆپیو داوای ژنێکی لێ کردوە. واباوە کە ئەگەر بەهۆی ئەم رووداوەوە خێڵ یاخود بەشێکی خێڵ کەوتە بەر هەڕەشە، کابرای تاوانبار وەک سزا ژنێکی لێ دەسەنرێ. لەنێوخێڵە چادرنشینو خێڵە نیمچە شارستانەکاندا سەگ بەگیاندارێکی سودبەخش دادەنرێو بەم پێودانگە بەچاکترین پاسەوان دەژمێردرێ کە لەکاتی تەنگانەدا دەوەرێو خێڵ وریادەکاتەوە. لەبەرئەوە کە سەگێك دەتۆپێنرێ ئاسایشی خێڵ دەکەوێتە مەترسییەوە. لەنێوخێڵی ئەلبو محەمەدی لیوای عیمارەدا کەس لەوە ناپرسێتەوە کە ئاخۆ خاوەنی سەگی تۆپیو هەقێتی یاخود هەقی نیەو تەنانەت خاوەنی سەگی تۆپیو بۆی هەیە داوابکا زیانی بۆ ببژێرنو ژنێکی لەبری سەگەکە بدەنێ. مەبەست لەدانی ژنێك ئەوەیە کە کابراسزا بدرێو تۆڵەی لێ بکرێتەوە (ژن لەبری سەگ) چونکە بۆ ئەوکەسەی خوشکێکی خۆی یا ئافرەتێکی ناسیاوی خۆی لەبری سەگێك دەدا، سوکایەتی بەکی زۆرە کە لەبری سەگێك ژنێك بدا. بەڵام پێش سەپاندنی ئەم سزایە دەبێ پیاوماقوڵەکان لەوەدڵنیابن کە کابرای سەگ کوژ سەگەکەی بەئەنقەست کوشتوە. پاش سەگ ئەسپی رەسەن بەسودترین گیاندارە بۆ خێڵ. لەم سەروبەندەدا خێڵی ئەلبو سوڵتان لەلیوای حللە سورن لەسەر ئەوەی کە لەبری زیان گەیاندن بەئەسپێك دەبێ ژنێك لەکابرای گوناهبار

بسەنن[٢٠]. تۆپاندنی سەگێك یا سەقەت كردنی ئەسپێك یان ماینێكی رەسەن تاوانێكە لەتاوانی دزی كەمترنیە، لەبەرئەوە كە كەسێك لەم بارەیەوە لێی دەقەومێو دەبێ زیانی خاوەن سەگێك یان خاوەن ئەسپێك ببژێرێ، كەس خۆی لێ ناكا بەخاوەنو كەس پارەی بژاردنی زیانەكەی بۆ كۆناكاتەوە.

جۆری سێیەم كە پەیوەندیی بەمولكو سامانەوە هەیە ((پێشێل كردنی مولكی یەكێكی تر)) واتە دەسدرێژی كردنە سەر مولكی تایبەت بەچەند شێوەیەكی جیاواز، بێجگە لەدزیو بەكارهێنانی زەبروزەنگ دژی گیاندارە مالێیەكانی وەك سەگ، ماین، ئەسپو حوشتر. هەر دەسدرێژی كردنێك بۆ سەر مولكی یەكێكی دی بەپێی یاساكانی سوانی بەپێشێل كردن دەژمێردرێ، ئەمەش تاوانێكە خێلّ تاوانباری لەسەر سزادەدا. بۆئەوەی یاساكانی سوانی جێبەجێ بكرێن، پێویستە پیاوماقولاّن پێش هەموشتێك لەدولاوە لەو بارودۆخە بكۆلّنەوە كە تاوانی پێشێل كردنەكەی تێدا قەوماوە: یەكەم لەڕوی چۆنێتیی ئەنجامدانی پێشێل كردنەكەو دوەم لەڕوی ئەو مولكەی دەسدرێژیی كراوەتە سەر. بۆنمونە، ئەگەر چی ئاگرتێبەردانی مولّك شتێكە لەنێوخێلّەكاندا بەدەگمەن رووەدا، بەلاّم یاساكانی سوانی ئەم تاوانەیان گرتۆتە بەرچاوو سزای گونجاویشیان بۆ داناوە. جۆرێكی تری دەسدرێژی كە

دەخرێتە خانەی پێشێل کردنی مولکەوە، وێرانکردنی بەروبومی کشتوکاڵە، ئەویش بەوەی کە گاوگوێتاڵ بخرێتە نێوکشتوکاڵەوە یاخود بەبێ ڕەزامەندی زەویدارێك دەست بخرێتە نێو زەوییەکەوە. لەنێوخێڵەکاندا زەوی مولکی هەموانە، واتە مولکی هەمو خێڵە. بۆیە هەر دەسدرێژی کردنێك بۆ سەرخاکی خێڵ دەسدرێژی کردنە بۆ سەر هەمو خێڵ. لەم سەروبەندەدا خێڵ زۆر بەتەنگ ئەوەوەیە کە مافەکانی خۆی بپارێزێ و دەسدرێژکاریش سزابدات. لەم ڕوەوە خێڵە نیوە شارستانەکان لەخێڵە چادرنشینەکان زیاتر زەوی بەهەند وەردەگرن چونکە گوزەرانیان دەوەستێتە سەر چاندنی زەوی و سەرچاوەی سەرەکیی داهاتیشیان لەزەوییەوە دێ. لەبەرئەوەش کە زەوی لەلای خێڵە چادرنشینەکاندا مولکێکی گشتییە، واتە مولکی هەمو خێڵە، چادرنشین ئامادەیە بۆ بەرگری کردن لەزەوی چەك هەڵگرێ و پەلاماری دەسدرێژکاربدا. ئەگەرلەناو خێڵدا خاوەنێتی خاوەنێتییەکی گشتی نەبوایە، واتە ئەگەر زەوی بەسەر ئەندامەکانی خێڵدا دابەش بکرایە، هەستی دەمارگیری و عەشیرەتگەری کە ئەندامانی خێڵ پێکەوە دەبەستێتەوە کزو لاوازدەبوو و دەمارگیریی خێڵەکی هیچ کڕۆکێکی نەدەما. هەرچۆنێك بێ، زۆربەی ئەو ناکۆکی و زۆرانبازییانەی بەهۆی زەوییەوە

سەرهەڵدەدەن لەوەوەدێن کەهیچ سنورێك زەوییەك لەزەوییەك جودا ناکاتەوە. لەم روەوە مرۆ دەتوانێ پەی بەدژواری دیاریکردنی سنوری زەوی گشتی لەنێوان خێڵەکاندا بەرێ، چ ئەو خێڵانە چادرنشین بن چ نیوە شارستان. تائێستا گیروگرفتی سنوری زەوی خێڵەکان یەکێ لەو گیروگرفتانەیە کە گۆبەند بۆ حکومەتی بەغدا دەنێنەوە. بێ لەوە لەلای خێڵە چادرنشینەکانو خێڵەکانی لادێدا بیرو کانیاو بایەخێکی زۆریان هەیە. لەم سەروبەندەشدا حکومەتی عیراق رازی نەبوە مافی خاوەنێتیی بیرو کانیاوەکان بۆ هیچ کەسێك بسەلێنێ. بەگوتەی حکومەت هەمو بیرو کانیاوەکان مولکی دەوڵەتن، بەڵام ئەوەی زوتر لەدەوروبەری بیرو کانیاودا باروبنە دەخا زۆرتر مافی بەسەرەوە هەیە. ئەم نۆڕینە حکومەت بۆ خاوەنێتیی ئاو گەلێك گێچەڵی لەکۆڵ کردۆتەوەو دەرفەتی بەشەڕهاتنی خێڵەکانی لەسەر ئەم مەسەلەیە کەم کردۆتەوە[٢١]. یەکێ لەو گیروگرفتانەی بەرۆکی خێڵە نیوە شارستانەکان دەگرێ، مەسەلەی بەروبومە. ئاشکرایە کە لەنێوخێڵدا ئەوەی مشوری لەوەڕاندنی میگەل دەخوا کچانو ژنانی خێڵەکە. ئەوانەش گەلێك جار لەوەڕگاو زەوی کێڵراو لێك جودا ناکەنەوە. ئەمەش زۆرجار گۆڵمەزی گەورەی لێ دەکەوێتەوەو کشتیار بۆی هەیە زەبروزەنگ دژی ئافرەتە پێشێلکەرەکان

بەکاربێنێو توشی نەنگیو سەرزەنشتیش نەبێ. تەنانەت ئەگەر کابرای کشتیار دەستدرێژیی کردە سەر ناموسی ئافرەتی پێشێلکەریش، خێڵی ئافرەتەکە بۆی نیە زەبروزەنگ لەدژی دەستدرێژکار بەکاربێنێ. لێرە دەمانەوێ نیشانی دەین کە یاساکانی سوانی بۆئەوە داهاتون کە وا لەهەموکەسێك بکەن لەدەستدرێژکردنە سەر بەروبوم بسڵەمێتەوە. دوا شێوەی پێشێل کردن دەستدرێژی کردنە سەر حەرەمی ماڵە چونکە چادرنشین ماڵی خۆی، واتە شوێنێك کە ئافرەتی لێ دەبێ، بەحەرەم دەزانێو هەر کەسێکی بەفام کەبەبێ ئیزنی ئەو لێیان بەژور دەکەوێ بەپێشێلکەری حەرەم لەقەڵەم دەدرێو خوێنی حەڵاڵ دەبێ. لەلای چادرنشیندا رێدان بەچونی کابرایەکی بەفام بۆناو حەرەم مەسەلەیەکی فرە گرنگە. کەسێك بیەوێ بچێتە ناو حەرەم دەبێ پێشەکی رێی پێ درابێ. ئەوەش بەڵگەیە کە لەنێو ئێلاتی لیسوای دیالە ئەگەر کەسێك ئەم تاوانە بکا بۆ ماوەیەك سوڕگوم دەکرێ.

## سەرچاوەکان:

[1] لەناوچەی سوقی شیوخدا لەلیوای مەنتەفەق بیست و یەک خێڵ هەیە، بەڵام ئیدارەی مەدەنی ئینگلیز لەعیراقدا تەنها دانی بەدەسەڵاتی یەک شێخ دانا، ئەویش سالم خەییون بوو.

[2] الفرعون، القضاء العشائري، ص ٣٤.

[3] ئەگەر تاوانبارێك لەدەرەوەی سنوری خێڵ یاخود لەدەرەوەی سنوری تیرەگەریدا زەلامێکی کوشتبێ، دادگاکانی عیراق سزای لەسێدارەدانی بەسەردا ناسەپێنن.

[4] الفرعون، المصدر ذاته، ص ٥٥.

[5] الحسني، الحالة الاجتماعية عند العشائر، في مجلة لغة العرب، المجلد السابع، ص ٨٦٠.

[٦] لەکاتێکدا ماوەی داڵدەدان لەلای خێڵی حەرب کە خێڵێکی بەسام و شەوکەتە دو مانگ و دە رۆژە، لەلای خێڵەکانی تر لەنێوان مانگێك و سێ رۆژە.

[٧] دورخستنەوەکە ئافرەت ناگرێتەوە.

[٨] الفرعون، المصدر ذاته، ص ٦٧-٦٨.

[٩] الراوي، البادية، ص ٢٩٢.

[١٠] الراوي، المصدر نفسه، ص ٢٨٩.

[١١] الفرعون، المصدر ذاته، ص ٩٧.

[١٢] الفرعون، المصدر ذاته، ص ٧٥-٧٦.

[١٣] ((نەهوە)) لە ((ناهی))یەوە هاتوە.

[١٤] ئەم سزایە لەلای خێڵەکانی جەنبینی دەوروبەری حلله باوە.

[١٥] الفرعون، المصدر ذاته، ص ١٠٩.

[١٦] الاب أنستاس الكرملي، قبائل الخزاعل، مجلة المشرق، ١٩٠٤، ص ٥٩.

[١٧] لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەبکەین کەوشەی ((غازی)) ناوێکی باوە لەنێو خێڵەکان و شارنشینەکانداو مایەی شانازیشە.

[18] لەم بارەیەوە بچۆوە سەر نوسینەکەی دکسۆن لەکتێبی:
.The Arab of the Desert, P. 445

[19] هەمان سەرچاوە، ل ٤٤٦. هەروا بچۆوە سەر: راوی، هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٠.

[20] خێڵی ئەلبو سوڵتان لەو خێڵانە کەمانەیە کە بایەخ بەرەسەنایەتی ئەسپ دەدەن.

[21] الراوي، المصدر ذاته، ص ١٠٦-١٠٧.

# بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری

## زنجیرەی کتێبی بیر

١-سەیدقوتبو تیۆریی تەکفیرکردنی کۆمەڵو دەوڵەت.
٢-سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لەچەمکی هاوولاتیبون.
٣-چەمکی بیرۆکەی دەوڵەت لەجوگرافیای سیاسیدا.
٤-ناسیۆنالیزمو کەمینەکان لەسیاسەتی نێودەوڵەتان دا.
٥-بەراورد لەنێوان رژێمە فدرالەکاندا.
٦-لەپێناوی دیموکراتیزەکردنی حوکم لەعیراق دا.
٧-فیدرالیزمو ئۆتۆنۆمی (لێکۆڵێنەوەیەکی بەراوردکار).
٨-شۆڕشی ئۆکتۆبەرو چارەنوسی چەند گەلێکی خۆرهەلات.
٩-پشتیوانانی ئیسلام لەکوردستاندا لقێك و پێگەیەك بۆ ڕێکخراوی قاعیدە.
١٠-ئیسلامی سیاسی لەزەبروزەنگەوە بۆ بەخۆداچونەوە.
١١-ئێزدییەکان لەمێژوی نەتەوەکەیان دا
١٢-پوکانەوەی دەوڵەتی کەمایەتی
١٣-پۆلێن کردنی تاوانەکانی ئەنفال
١٤-کوردو تورکمان
١٥-تیۆریی فیدرالیزم
١٦-نەتەوایەتیو دەوڵەتی نەتەوەیی
١٧-چەمکو پرنسیپەکانی دیموکراسی
١٨-نەوتو سیاسەتی نێودەوڵەتان لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا
١٩-سۆسیالیستەکان پێش مارکس
٢٠-خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەی گۆڕانی سیاسی لەعیراقدا
٢١-تیۆریزمی نێودەوڵەتی وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی
٢٢-ئابوریی کوردستان
٢٣-عیراقو مەسەلەی کورد
٢٤-ئایینو مەسەلەکانی دیموکراسیو ئینتەرناسیۆنالیزم
٢٥-ئانارشیزمو دەوڵەت
٢٦-ئوسولیەت: چەمك، میتۆد، سەرچاوەو ئاسۆ